# بنەمایی کۆزانیاریی وشەیی لە چێوەبەندکردنی فەرهەنگی ئاوەزییدا

**پ.ی.د کاروان عومەر قادر[١]، م.ی شیلان ڕەحیم إبراهیم[٢]**

١ زانکۆی سلێمانی - کۆلێژی زمان- بەشی کوردی

٢ زانکۆی سلێمانی/ کۆلێژی زمان- بەشی کوردی-خوێندکاری دکتۆرا

karwan.qadir@univsul.edu.iq, shelan.ibrahim@univsul.edu.iq

مافی چاپ و بڵاوکردنەوە © ٢٠٢٠ پ.ی.د کاروان عومەر قادر ، م.ی شیلان ڕەحیم إبراهیم

## پوختە

ئەم لێکۆڵینەوەیە تەرخانە بۆ دیاریکردن و ڕوونکردنەوەی ڕەهەندەکانی چەمکی (کۆزانیاریی وشـەیی) و ڕاڤە و شـیکردنەوەی لە زمانی کوردییدا بە پێی یەکێک لە تیۆرییەکانی زانسـتی زمانی درکپێکردن ، کە تیۆری (بنەمایی بەکارهێنان)ە .بەپێی ئەم تیۆرییە کۆزانیاریی زمانی لە ئەنجامی بەکارهێنانی زمانەوە دێتەکایەوە و (توانستی زمانی) تەنها بریتییە لە شـارەزایی لە بەکارهێنانی زماندا، لەم تیۆرییەدا کۆزانیاریی وشـەیی بەکارهێنەری زمان بریتییە لە چۆنیەتی بەکارهێنانی وشـەکان لە چوارچێوەی دەربڕاو، ڕسـتە و دەقە زمانییەکاندا ئەم کۆزانیارییەش ئەسـکەلەی فەرهەنگی ئاوەزی دەنەخشێنێت .

زانستی زمانی درکپێکردن بە گشتی و ئەم تیۆرییە بە تایبەتی گرنگی بە توانا درکپێکردنەکانی مرۆڤ دەدەن وەک (تێڕوانین، تێبینی کردن، پەیپێبردن، سەرنجدان، گۆشە نیگا، جیاکردنەوە، پۆلکرن و ...هتد) جەخت لەسەر ڕۆڵی ئەم توانـایـانە لە داڕشـتنی دەربڕاو و ڕسـتەکانی زمان دەکەنەوە، لەگەڵ ڕادەی ڕەنگدانەوەیان لە داڕشـتنی قاڵبە ڕێزمانییەکاندا.

## الخلاصة :

هذه الدراسـة تتناول تحديد و ايضـاح ابعاد مفهوم (معرفة المفردات اللغوية ) و تحليلها في اللغة الكردية طبقا لاحدى نظريات علم اللغة الأدراكي و هي نظرية ( ارتكازية الأسـتعمال)، وفقا لهذه النظرية إن المعرفة للمفردة اللغوية تتكون كنتيجة حتمية لإستعمالها لدى مستخدمي اللغة، و إن (الكفاءة اللغوية) ماهي إلا الخبرة في استعمال اللغة. إن معرفة الكلمة لدى مستخدميها تكمن في كيفية استعمالها في ايطار التعابير و الجمل و النصوص اللغوية، وهذه المعرفة هي التي تشكل و تصوغ هيكل المعجم الذهني لدى مستخدمي اللغة. إن علم اللغة الإدراكي عامة و نظرية (ارتكازية الاستعمال) بوجه خاص تهتم بقدرات الإدراكية لدى الأنسان مثل (الانطباع، الملاحظة، وجهة نظر، التميز، التصنيف و ...إلخ) و تشيد بدور هذه القدرات في انشاء تعابير و الجمل في اللغة و مدى تأثيراتها على البنية النحوية وفي صياغة قواعد اللغة.

**Abstract**

This research is allocated to specify and illustrate the dimensions of the concept of word knowledge in Kurdish language according to one of the Cognitive linguistics's theory which is the (Usage-based). This theory calls for the word knowledge which will be founded as a result of its usage, and the (language competence) which is the experience of language use , thus the word knowledge existed in the nature of it's use in the circumference of utterance sentence and context, this word knowledge schematize the mental lexicon's structure.In the Cognitive linguistic and most specifically in the (Usage-based) theory concerning at the human cognitive abilities e.g.(perspective, attention, viewpoint, categorization….etc) and certifying the role of these abilities in the utterances and sentences's structures and their contribution in the linguistic structures .

## پێشەکی:

لە زانستی زمانی درکپێکردندا چەقی زمانپێزان و زمانفێربوون بە پێواژۆیەکی (ئاوەزیی – جەستەیی) بەخشراوە بە ناوی (بەچەمککردن)، کە تێیدا مرۆڤ لەسەر بنەمای ئەزموون و شارەزاییەکانی و ڕادە و ڕێژەی وەرگرتنی زانیاری لێیان لە ڕێگەی پێنج هەستەوەرەکەیەوە و دواتر بردنی ئەم زانیارییانە بە پێواژۆیەکی ئاوەزییانە بە مەبەستی (بەچەمککرن)یان و داکردنیان لە فەرهەنگی ئاوەزییدا. لەم پێواژۆیەدا زانیاری کۆکراوە لەسەر فۆڕم و تایبەتمەندییە (سیمانتیکی، سینتاکسی، مۆرفۆلۆژی و فۆنۆلۆژی)، چۆنیەتی خوێندنەوە و ڕێنووسکردنی وشەکان) پێکهێنەری کۆزانیاریی وشەیی ئەو وشەیەن. هەر بۆیە ئەم کۆزانیارییە وشەییەی وشەکان بنەمای وێناکردنی ئەسکەلەی فەرهەنگی ئاوەزی دەنەخشێنن.

بەمشێوەیە ئەم لێکۆڵینەوەیە،(کە لە بنەڕەتدا وەچەپارێکی بەشێکی تێزی دکتۆرایە بە ناونیشانی (نەخشاندنی کۆزانیاریی وشەیی لە فەرهەنگی ئاوەزییدا) و وەک بەشێک لە پێداویستییەکانی بەدەستهێنانی بڕوانامەی دکتۆرایە، کە لە لایەن خوێندکارەوە دەبێت بڵاوبکرێتەوە). ورد و زانستییانە مەبەستێتی تیشک بخاتەسەر ڕەهەندەکانی چەمکی (کۆزانیاریی وشەیی) و چۆنیەتی ڕاڤە و شرۆڤەکردنی بەپێی تیۆری (بنەمایی بەکارهێنان)ی زانستی زمانی درکپێکردن. هەر بۆ مەبەستی زانستێتی، ئەم لێکۆڵینەوەیە دابەشکراوە بەسەر دوو تەوەرەدا، تەوەرەی یەکەم بۆ سەرناوی (بنەمایی کۆزانیاریی وشەیی لە چێوەبەندکردنی فەرهەنگی ئاوەزییدا) و شرۆڤەی چەمکی (کۆزانیاریی وشەیی) و چەندوچوونەکانی و هێنانەوەی نموونەی کارەکی پێویست بۆ ئەو مەبەستە تەرخانکراوە. هەرچی تەوەرەی دوومیشە بۆ سەرناوی (داڕشتەی کۆزانیاریی وشەیی لە چێوەی بنەمایی بەکارهێناندا)تەرخانکراوە، کە ئەمیش لە خۆیدا بۆ پێنج وەچەپار دابەشکراوە، کە لە هەر وەچەپارێکیاندا ورد و زانستانە گرنگی ڕوانینەکانی بنەمایی بەکارهێنانی وشە و کۆزانیاریی لەسەری لە چێوبەندکردنی فەرهەنگی ئاوەزییدا خراوەتەڕوو. لە کۆتایی لێکۆڵینەوەکەشدا گرنگترین ئەنجامی شرۆڤەکردنەکانی لێکۆڵینەوەکە لە پێنج خاڵدا دەستنیشانکراوە.

١/ بنەمایی کۆزانیاریی وشەیی لە چێوەبەندکردنی فەرهەنگی ئاوەزییدا

وشەکان و کۆزانیاریی وشەیی لەماوەی ساڵانی ڕابردوودا، گرنگییەکی ئەوتۆیان پێنەدەدرا، بە ڕووکارێکی گرنگی زمان ئەژمارنەدەکران، بەڵام لە ئێستادا کۆزانیاریی وشەیی بە یەکێك لە ڕووکارە هەرە گرنگەکانی زمان دادەنرێت، بەتایبەتی لە پێواژۆکانی (زمانپێزان و فێربوونی زمانی دووەم و سێیەم و...هتد). وشەکان پێکهێنەری زمانن و ڕووکارە هەرە گرنگەکانی پێکدەهێنن، چونکە هێما و ئاماژەن بۆ بوونەکان، ڕووداوەکان، هەست و بیروڕاکانی بەکارهێنەری زمان، وشەکانی زمان، زنجیرە دەنگەکان، یان پیتەکانی فۆڕمە فۆنۆلۆژی و ئۆرسۆگرافییەکان، لەگەڵ بوونە ئاماژە پێدراوەکانی جیهانی دەرەوەدا، پێکەوە گرێدەدەن، کە لەئەنجامدا یەکەی واتایی دێتەکایەوە و مرۆڤەکان بەهۆیانەوە پەیوەندیدەکەن. بۆ بەدیهێنانی ئەم پەیوەندییە، بەکارهێنەری زمان پێویستی بە کۆزانیاریی وشەیی دەبێت. دەتوانرێت بگوترێت کۆزانیاریی وشەیی گشت ڕووکارەکانی وشەکانی زمان، وەك (بەکارهێنان، واتا، تایبەتمەندی سینتاکسی، فۆڕمی مۆرفۆلۆژی، فۆڕمی فۆنۆلۆژی، فۆڕمی ئۆرسۆگرافی، کەتیگۆری، ژینگەی وشەیی و پەیوەندی وشەکان بەیەکترەوە)، دەگرێتەوە. ئەم ڕووکارانە لە فەرهەنگی ئاوەزی بەکارهێنەرانی زماندا دادەکرێن، خودی فەرهەنگی ئاوەزی کۆگایەکە بۆ داکردنی کۆزانیارییە وشەییەکانی بەکارهێنەری زمان. بۆ بەدیهێنانی بەرهەمهێنان و تێگەیشتنی باشتر، واتە باشترین ئاستی پەیوەندیکردن، بەکارهێنەری زمان پێویستی بە بوونی بەرزترین ڕێژەی کۆزانیاری دەبێت دەربارەی وشەکانی زمان، چونکە لە کاتی قسەکردن و نووسین، یان گوێگرتن و خوێندنەوە، ئاخێوەر

و نووسەر، لەگەڵ گوێگر و خوێنەر پێویستییان بە کۆزانیارییەکی وشەیی دەوڵەمەند هەیە، لە حاڵەتی بەرهەمهێناندا بە بێبوونی ئەم کۆزانیارییە بەرهەمهێنەر ناتوانێت واتا و مەبەستەکانی بە باشی وەك ئەوەی، کە پێویست و خوازراوە بگەیەنێتە کەسی بەرانبەر، بە هەمان شێوە بۆ تێگەیشتنی باشتر گوێگر، یان خوێنەر دەبێت هەموو کۆزانیارییە وشەییەکانی خۆی بخاتەگەڕ.

پێویستە بگوترێت، بەکارهێنەرانی زمانێکی دیاریکراو، هەموویان وەکیەك خاوەنی کۆزانیاریی وشەیی نین، هەندێکیان خاوەنی کۆزانیارییەکی چڕوپڕ و دەوڵەمەندن و بەهۆی بەکارهێنانەوە زۆر لە ڕووکارەکانی وشەکانی زمانەکە دەزانن، بەکارهێنەری زمانیش هەن، کە خاوەنی کۆزانیاریەکی هەژارن و شارەزاییان دەربارەی وشەکان کەمترە. ئەمەش بە ڕادەیەکی زۆر پەیوەندی بە خودی تاکەکەسەوە هەیە، بەهۆی بەکارهێنان، ئەزموون، سەلیقە، تەمەن، پیشە، ژینگە و....هتد کۆزانیارییە وشەییەکەیان لەفەرهەنگی ئاوەزییاندا دەنەخشێنرێت.

گرنگە بزانرێت مەبەست چییە لە زانینی وشەی زمانێکی دیاریکراو، ئایا زانینی وشەکان، هەموو کۆزانیاریی دەربارەی وشەکان پێکدەهێنن، لێرەدا ڕاوبۆچوونی جیاواز دەربارەی گرنگی و لاوەکێتی ڕووکارەکانی وشە لە ئارادان، ڕا هەیە تەنها واتای وشە بە گرنگترین ڕووکار دادەنێت، ڕا هەیە واتا و ڕێنووسی وشەی پێ گرنگترە، بەپێی (Thornbury,2002,P:15) یەکێك لە ڕووکارە هەرە گرنگەکانی، کە پەیوەستە بە زانینی وشە، بریتییە لە زانینی فۆڕم و واتای وشە، ئینجا فۆڕمی گووتراو بێت، واتە ئەو زنجیرە دەنگەی، کە وشەکە پێکدەهێنن، لەگەڵ چۆنیەتی گۆکردنی وشەکە، یان فۆڕمی نووسراوی وشەکە بێت، واتە چۆنیەتی نووسینەکەی (ڕێنووس)، واتای وشەش خۆی لە خۆیدا چەمکی وشەکە، پەیوەندی سیمانتیکی لەگەڵ وشەکانی تردا و هەموو ئەو لایەنانە دەگرێتەوە، کە واتای وشەکە پێکدەهێنن، بۆ تێگەیشتنی زیاتر، با لە نموونەکانی ژمارە (١-٤) بڕوانین:

(١) هۆکارەکانی بوونی گرفتی (پەریزادە) لەناو ژنانی کورددا ونە.

(٢) یان (گاڵ) دەهێنێ،یان پەمووو.

(٣) نەخۆشەکە پێویستی بە دەرزی (دەردەکۆپان)ە.

(٤) عەمری وەك (گەپڵە)بێت.

گەر لە وشەکانی (پەریزادە)، (گاڵ)، (دەردەکۆپان) و (گەپڵە)ی نموونەکانی (١)، (٢)، (٣) و (٤) وردبینەوە، دەبینین، کە ئاخێوەری کورد لە فەرهەنگی ئاوەزییدا کۆزانیارییەکی وشەیی تەواوی دەربارەی فۆڕمی گووترا و نووسراوی ئەم وشانە نییە، بەهۆی کەمی ئەزموونی زمانییان لەسەریان و بەکارهێنانیان لە ژیانی ڕۆژانەی ئێستادا، هەر بۆیە ئەگەر داوای نووسین یان گۆکردنی ئەم وشانە لە هەر خوێندکارێکی سەرەتایی، یان تەنانەت خوێندکارێکی بەکالۆریۆسی بواری زانستەکان، بکرێت، ئەوا یەکسەر نیشانەی سەرسوڕمان لە وێنای هزرییدا دەخوێنرێتەوە، چونکە کۆزانیاریی وشەیی لەسەر وشەکان لە ڕووی چۆنیەتی گۆکردن و چۆنیەتی ڕێنووسکردنەوە نییە، دەربارەی چەمکی وشەکانیش، گەر پێشتر (گوێگر/ خوێنەر) ئەو وشانەی نەبیستبێت، یان لە ژیانی ڕۆژانەیدا بەکارینەهێنابێت، ئەوا زۆر ئەستەمە بتوانێت لە واتای ڕستەکانی سەرەوە تێبگات، چونکە لە لایەك واتای وشەکان نازانێت، لە لایەکی تریشەوە لە پەیوەندی واتای وشەکانیش بە وشەکانی تری زمانەوە تێناگات، بۆ نموونە، لە ڕستەی ژمارە (١)دا، (گوێگر/ خوێنەر)، لە بەرئەوەی نازانێت وشەی (پەریزادە) بە واتای (غودە)دێت، بۆیە لە واتای ڕستەکەش تێناگات، چونکە ناتوانێت پەیوەستی بکات بە واتای وشەی (گرفت) و هۆکارەکانی گرفت و بوونی لە ناو ژنانی کورددا، هەروەها لە ڕستەی ژمارە (٢)دا لە

بەرئەوەی (گوێگر/ خوێنەر) واتای وشەی (گاڵ)نازانێت، کە بەرانبەر وشەی (شۆفان)ە، بۆیە ناشتوانێت پەیوەستی بکات بە واتای وشەی (پەموو)، بەمەش خودی چەمکی وشەکە و چەمکی گشتی ڕستەکەش تێناگات، بەهەمان شێوە، لە ڕستەی ژمارە (٣)دا نەبیستنی وشەی (دەردەکۆپان)لە لایەن (گوێگر/ خوێنەر)ەوە، وا دەکات نەچەمکی وشەکە بزانێت و نە لە توانایدا بێت بە وشەکانی تری زمانەکەوە گرێیبدات، هەر بۆیە لە چەمکی ڕستەکەش تێناگات، نازانێت مەبەست لە (دەردەکۆپان) نەخۆشی (گزاز)ە.هەروەها لە ڕستەی ژمارە (٤)دا بەهۆی بەکارنەهێنان و نەبیستنی وشەی (گەپڵە) لە لایەن (گوێگر/ خوێنەر)ەوە وەهای کردووە، کە نەتوانێت لە چەمکی وشەکە و چەمکی ڕستەکەش تێبگات ،کە هەڵگری واتای تەمەن کورتییە، چونکە نازانێت، کە (گەپڵە) جۆرە گیایەکە ماوەی ژیانی چەند کاتژمێرێکە، هەر بۆیە لە چەمکی ڕستەکە تێناگات و پەیوەندی نێوان وشەکانی بۆ نادۆزرێتەوە.

بەپێی (Nation,2001,p: 23-24) زانینی وشە، یان کۆزانیاریی وشە بریتییە لە زانینی فۆڕم و واتای وشە، لەگەڵ چۆنیەتی بەکارهێنانەکەی، واتە زانینی فۆڕمی نووسراو و گووتراو، لەگەڵ واتا و چەمکی وشە و ئاماژەکەی، هەروەها بەکارهێنانی وشە و کۆزانیاریی پێکەوەهاتنی وشەکان و بۆنە و بوار و کۆتوبەندەکانی بەکارهێنان دەگرێتەوە، بۆ ڕوونکردنەوەی زیاتر، باڵە خشتەی ژمارە (١) بڕوانین :

| فۆڕمی وشە | بەکارهێنەری زمان | ئەو گرفتانەی ڕووبەڕووی دەبنەوە |
|---|---|---|
| (فۆڕمی گووتراو) | وەرگر | دەنگە پێکهێنەرەکانی چۆنن ؟ |
| | بەرهەمهێنەر | چۆن دەنگەکانی گۆدەکرێن ؟ |
| (فۆڕمی نووسراو) | وەرگر | وشەکە چۆنە ؟ |
| | بەرهەمهێنەر | چۆن وشەکە دەنووسرێت و ڕێنووس دەکرێت ؟ |
| ڕێکخستن و شوێنی وشە | | |
| ڕێکخستنی ڕێزمانی | وەرگر | وشەکە لە چ تەرزێکدا دەردەکەوێت ؟ |
| | بەرهەمهێنەر | وشەکە دەبێت لەچ تەرزێکدا بەکاربهێنرێت ؟ |
| پێکەوەهاتنەکان | وەرگر | چ وشەیەك پێشبینی / چاوەڕوان دەکرێت لە پێش، یان لە دوای وشەکە دەربکەوێت ؟ |
| | بەرهەمهێنەر | چ وشەیەك یان جۆرە وشەیەك دەبێت لەگەڵ وشەکەدا بەکاربهێنرێت؟ |
| ئەرك | | |
| دووبارەبوونەوە | وەرگر | وشەکە تا چ ڕادەیەك بڵاوە ؟ |
| | بەرهەمهێنەر | وشەکە چەندجار دەتوانرێت بەکاربهێنرێتەوە ؟ |
| گونجاوێتی | وەرگر | وشەکە لە چ شوێنێک، یان ژینگەی زمانیدا لەوانەیە بەرگوێ، یان بەرچاو بکەوێت؟ |
| | بەرهەمهێنەر | وشەکە دەبێت لە چ شوێنێک و ژینگەی زمانیدا بەکاربهێنرێت؟ |
| واتا | | |
| چەمك | وەرگر | وشەکە واتای چی دەگەیەنێت ؟ |
| | بەرهەمهێنەر | چ وشەیەك پێویستە بەکاربهێنرێت بۆ گەیاندنی ئەو واتایە ؟ |

| | | |
|---|---|---|
| پەیوەستگییەکان | وەرگر | وشەکە، کام وشانەی زمان بەبیر دێنێتەوە ؟ |
| | بەرهەمهێنەر | کام وشانەن، کە دەتوانرێت لە بری وشەکە بەکاربهێنرێت ؟ |

خشتەی ژمارە (١)

زانینی وشەیەك چی دەگرێتەوە(واتە کۆزانیاریی وشەیی)

بە دەست کارییەوە لە (Nation,2001,P:23)ەوە وەرگیراوە

بۆ تێگەیشتنی زیاتر با لە نموونەی ژمارە (٥) وردبینەوە:

(٥) (شالیار)دەبێت شان و شەوکەتی شالیارییانە بێت.

| فۆڕمی وشە | بەکارهێنەری زمان | ئەو گرفتانەی ڕووبەرووی دەبنەوە |
|---|---|---|
| (فۆڕمی گووتراو) / shaliar/ | وەرگر | / ش + ا + ل + ی + ا + ر/ |
| | بەرهەمهێنەر | / شالیار/ |
| (فۆڕمی نووسراو) | وەرگر | وشەیەکی دارێژراوە بەپێی یاسای (ناو + پاشگر)پێکهاتووە |
| | بەرهەمهێنەر | (شالیار) بەم شێوەیە ڕێنووسدەکرێت |
| ڕێکخستن و شوێنی وشە | | |
| ڕێکخستنی ڕێزمانی | وەرگر | وشەکە لە تەرزی ئاوەڵناوی ناوئاسا دا دەردەکەوێت |
| | بەرهەمهێنەر | وشەکە دەبێت لە تەرزی ناوئاسادا بەکاربهێنرێت |
| پێکەوەهاتنەکان | وەرگر | پێشـبینی دەکرێت لەگەڵ (ناو، کردار،...هتد) وەک (فەرمانڕەوا، دەوڵەت، دەبێت...هتد) دەربکەوێت. |
| | بەرهەمهێنەر | دەبێت لەگەڵ (ناو، کردار.... هتد) وەک (فەرمانڕەوا، دەوڵەت، دەبێت...هتد) بەکاربهێنرێت. |
| ئەرك | | |
| دووبارەبوونەوە | وەرگر | بە واتا کۆن و نوێیەکەی زۆر، یان کەم بڵاو و باوە |
| | بەرهەمهێنەر | لەبەرئەوەی وشەکە ئاوەڵناوی ناوئاسایە بۆیە بەکارهێنانەوەی چەند جارەیە |
| گونجاوێتی | وەرگر | زیاتر لە ژینگەی ناونان، یان بواری کلتوریدا بەکاردێت |
| | بەرهەمهێنەر | زیاتر لە بواری کارگێڕیدا بەکاردەهێنرێت |
| واتا | | |
| چەمك | وەرگر | وشەکە دوو واتای هەیە، واتا ڕەسەنەکەی بە واتای(وەزیر) دێت و واتاکەی ئێستاکەی بۆ ناونان بەکاردێت |
| | بەرهەمهێنەر | پێویسـتە خودی ئەم وشـەیە بەرانبەر بە وشـەی (وەزیر) بەکاربهێنرێت. |

| | | |
|---|---|---|
| پەیوەستگییەکان | وەرگر | وشـەی (شـالیار) وشـەکانی (حوکم، دەسـەڵات، دەولەتداری... هتد) دەهێنێتەوە بیر. |
| | بەرهەمهێنەر | وشەی (وەزیر) دەتوانرێت لە بری (شالیار) بەکاربهێنرێت. |

خشتەی ژمارە (٢)

زانینی وشەی (شالیار) چی دەگرێتەوە

(واتە کۆزانیاریی وشەیی بۆ وشەی (شالیار) بریتییە لە خشتەی ژمارە (٢))

بەپێی خشـتەکە، کۆزانیـاریی وشـەی (شـالیـار) بریتییە لە زانینی فۆڕم و واتـای وشـەکە، لەگەڵ چۆنیەتی بەکارهێنانەکەی، هەروەها واتاو چەمکی وشـەکە و کۆزانیاری پێکەوەهاتنی وشـەکان، بۆنە، بوارەکانی بەکارهێنان، دووبارەبوونەوە و بڵاوی بەکارهێنانەکەی دەگرێتەوە.

لەم تێگەیشتنانەوە دەکرێت بگووترێت کۆزانیاریی وشەیی زیاتر بریتییە لە کۆزانیاریی لەسەر بەکارهێنانی وشە واتە (کۆزانیاریی بەکارهێنانی)، چونکە کۆزانیاریی بەکارهێنانی وشەیی بەشێوەیەکی گشتی هەموو ڕووکارەکانی تری وشـەی زمان دەگرێتەوە، کە بەکارهێنەری زمان هەر لە سـەرەتای زمانپژانییەوە کەڵەکەی دەکات، لە زانسـتی زمانی درکپێکردندا، بەپێی بەپێی بانگەشـەکانی تیۆری بنەمایی بەکارهێنان (Usage based theory)، (بەکارهێنان) بنەمای زمانپژان و فێربوون و بەکارهێنانی زمانە، بەهۆی بەکارهێنانەوە واتای وشە، تەرزی ڕێزمانی و مۆرفۆلۆژی و فۆنۆلۆژی وشـە و دەبڕاوە زمانییەکان دیاریدەکرێت و بەهۆی دەرکەوتنی دووبارەوە لە بۆنەکانی بەکارهێناندا واتا و تەرزەکانی (یاسا ڕێزمانییەکان) دەچەسپێن. هەر بەکارهێنانیشە دەبێتەهۆی هێنانەکایەی گۆڕانکاری بەسەریاندا، واتە بەپێی ئەم ڕێبازە بنەمای کۆزانیاریی وشـەیی و تەنانەت کۆزانیاریی زمانیش، بریتییە لە کۆزانیاری بەکارهێنانی ڕاسـتەقینەی وشەکانی زمان و خودی زمان، بۆ ڕوونکردنەوەی زیاتر، با لە نموونەی ژمارە (٦) بڕوانین :

(٦) لالەی خۆمان بەرەوە.

ئێستا گەر لە وشەی (لالە) لە ڕستەی ژمارە (٦)دا وردبینەوە، دەبینین ، کە تا سەردەمی پێش ڕاپەڕین لە کۆمەڵگەی زمانی سـلێمانیدا بە جۆرە میوەیەکی گروپی مزرەمەنی دەگووترا (لالەنگی)، بەڵام لە دوای ڕاپەڕین، پێدەچێت بەهۆی تێکەڵبوونی گوند و لادێشنینان لەگەڵ دانیشتوانی شاری سلێمانیدا، گۆڕانکاری بەسەر گۆکردنی وشەکەدا هاتبێت لە (لالەنگی)ەوە بۆ (لالە)، کە لە ئێسـتادا لەلایەن زۆربەی میوە فرۆشـان و لە ئاخاوتنی خەڵکی شـاریشـدا گۆڕانەکە ڕوویداوە، هەر لەم ڕوانگەیەوە. گەر لە وشەی (گرد) لە ڕستەکانی ژمارە (٧)، (٨)، (٩)، (١٠)دا ڕابمێنین:

(٧) (گردی زەرگەتە) یەکێکە لە گردە بە ناوبانگەکانی سلێمانی.

(٨) زۆربەی کەسایەتییەکانی شاری سلێمانی لە (گردی سەیوان) نێژراون.

(٩) ماڵی تارا لە (گردی سەرچنار)ە.

(١٠) (گردی ئابڵاخ) لە ئێستادا کراوە بە گۆڕستان.

ئەوا دەبینین، کە شاری سلێمانی کۆمەڵێك گردی تێدایە، کە لە ناویاندا (گردی زەرگەتە)یە، لە سەردەمێکدا ئەم گردە وەك هەموو گردەکانی تری سـلێمانی وەهابوو، بەڵام چەند سـاڵێکە لە ئەنجامی بەکارهێنـاندا لە ڕووی پێکهاتەی مۆرفۆلۆژی و چەمك و واتاوە، گۆڕانکاری بەسـەردا هاتووە و بەسـتراوەتەوە، بە لایەنێکی سـیاسـییەوە، لە ڕووی مۆفۆلۆژییەوە، لە بنەڕەتدا دەربڕاوەکە پێکهاتووە لە :

(ناو + ی + ناو) پێکهاتووە

بەڵام لە ئێستادا، گۆڕاوە بۆ :

(ناو + دیاریخەر (- ەکە)

کە جگە لە واتای گرد چەمکێکی نوێی پێکهێناوە، بە جۆرێك، کە گوێگر گوێبیستی ئەو وشەیە دەبێت، واتای گرد، لە ئاوەزیدا ناگەیەنێت و وێنەی ئاوەزیی (گرد)ی لە لا ناکێشرێت، بەڵکو کۆمەڵێك دروشم و ئاڵایەك و چەند کەسایەتییەکی لا ئامادەدەبێت. هەروەک لە نموونەکانی ژمارە (١١) و (١٢)دا دەردەکەوێت :

(١١) باپیر لە (گردەکە)یە.

(١٢) لایەنەکان لە (گردەکە) کۆبوونەوە.

هەر لە ڕوانگەی گرنگی و بنەمایی (بەکارهینان) لە تێگەیشتن و درکپێکردنی چەمکی دەربڕاوە زمانییەکاندا، با لە نموونەکانی ژمارە (١٣)، (١٤) و (١٥) ڕابمێنین :

(١٣) ئارام چۆتە دەرەوە.

(١٤) باپیر خۆی و براکەی لەودیون.

(١٥) باپیر دەمێکە لە دەرەوە پێشمەرگەیە.

لە سەردەمی پێش ڕاپەڕیندا وشەی (ئەودیو) لە فەرهەنگی ئاوەزیی شارنشینەکاندا چەمکی ئەو ناوچانەی دەگەیاند، کە لەژێر دەسەڵاتی حکومەتی ئەو سەردەمەدا نەبوون و زیاتر لادێ و کوردستانی ڕۆژهەڵات و ئەو ناوچانەی دەگرتەوە ،کە (پێشمەرگە)ی لێبوو، بەهەمان شێوە وشەی (دەرەوە) چەمکی چوونە ناو پێشمەرگە و چەك هەڵگرتنی دەگرتەوە، لەو سەردەمانەدا ئەو وشانە بەو واتایانە بەکاردەهاتن و بەکارهێنەری زمان ئەو دوو وشانەی بە چەمکی دژایەتی کردنی حکومەتی ئەو سەردەمە لە لایەک و لە لایەکی تریشەوە بە شۆڕشی کوردییەوە گرێدابوو، بەڵام لە دوای ڕاپەڕین ئەم وشانە ئەو چەمکانە ناگەیەنن و گۆڕانکاری بەسەر واتاکەیاندا هاتووە. لێرەدا دەردەکەوێت، کە بارودۆخی سیاسی، ژیانی خەڵکی، بەکارهێنانی وشەکان و بارودۆخ و بۆنەی بەکارهێنانیان، چەمك و واتای وشەکانی نەخشاندووە، چونکە لە ئێستادا وشەکانی (ئەودیو، دەرەوە) چیتر بەو واتا و چەمکە بەکارناهێنرێن، گۆڕانیان بەسەردا هاتووە و ئەو چەمکانە لە وشەکان بوونەتەوە، لە ژینگەی ئێستادا وشەی (ئەودیو) زیاتر بە تەنها بۆ گەیاندنی واتای (ئێران، بە گشتی و کوردستانی ڕۆژهەڵات) بە کاردێت و وشەی (دەرەوە)ش زیاتر مەبەست لێی (دەرەوەی وڵات / هەندەران)ە، هەروەک لە نموونەکانی ژمارە (١٦) و (١٧)دا زیاتر بەرجەستە دەبن :

(١٦) بەخێربێن، بەڕێزتان لەودیوەوە هاتوون ؟

(١٧) کوڕەکانی حاجی هەموویان چوونەتە دەرەوە.

سەرجەمی ئەم نموونانە،ئەو ڕاستییە دەسەلمێنن، کە کۆزانیاریی وشەیی ئاخێوەر بریتییە لە شارەزایی لە چۆنییەتی بەکارهێنانی وشەکان لە دەربڕاو و ڕستە و دەقەکاندا، چونکە شارەزایی لە بەکارهێنانی وشەکان هەموو ڕووکارەکانی تری وشەکە لە خۆدەگرێت، کەواتە ئەو کۆزانیارییەی کە لە فەرهەنگی ئاوەزییدا چوارچێوەی بۆ دادەڕێژرێت و دەنەخشێنرێت بریتییە لە کۆزانیاریی بەکارهێنانی وشەکان و هەر بەکارهێنانیش بنەمای چەسپاندن، یان گۆڕانکارییە تێیاندا. لێرەدا دەتوانرێت نموونەی وشە خواستراوەکانی، کە لە ئێستادا لە ئەنجامی بڵاوبوونەوەی ئینتەرنێت و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان، هاتوونەتە ناو زمانی کوردییەوە بە نموونە وەربگیرێن، کە کۆمەڵێك وشە لە لایەن بەکارهێنەری زمانی کوردییەوە، بەکاردەهێنرێت، کە لە پێشدا بوونی نەبووە و بەکارنەهاتووە، بە شێوەیەك، کە

ڕاســـتەوخۆ هـاتۆتە نـاو زمـانەکەوە و لە لایەن بەکـارهێنەرانی ئـامێرەکـانی مۆبـایـل و کۆمپیوتەر، لەگەڵ تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان، وەك خۆیان بەکاردەهێنرێن، هەر وەك لە ڕستەکانی ژمارە (١٨)، (١٩)، (٢٠)، (٢١) و (٢٢)دا دەردەکەوێت:

(١٨) شێری بکە.

(١٩) ئەوە چییە ؟ بە لایکێك، یان کۆمێنتێکیش بەسەرمان ناکەیتەوە.

(٢٠) لایکی بکە.

(٢١) لای من دلیتە.

(٢٢) چوونە دەرەوەکەمان کانسڵ بوو.

ئەگەر لەو ڕستانە بڕوانین، دەبینین، کە ئەو وشانە وشەی زمانی ترن و بەهۆی ئامێر و تۆڕی میدیایی، کە لە ئێستادا بـاون و خەڵکی بەکـاریـانـدەهێنێت، هـاتوونەتە نـاو زمـانی کوردییەوە و بەکـارهێنەری زمـانی کوردی وەك خۆیـان و بێدەســتکاری بەهەمان چەمك و واتا و فۆرمی فۆنۆلۆژییەوە بەکاریاندەهێنێت. ئەمەش بەڵگەی دروســتی بنەمایی بەکارهێنانە لە چەســپاندن، یان گۆڕانکاری لە چەمکی وشـــەکاندا و چوارچێوەکردنی کۆزانیاری وشـــەیی دەربارەی وشەکانە لە فەرهەنگی ئاوەزیی ئاخێوەری کورددا.

نموونە و شـرۆڤەی نموونەکان ئەو ڕاستییە دەردەخەن، کە (بەکارهێنان)ی وشـەکان لە ژینگە زمانییە جیاوازەکاندا شـارەزایی جودا بۆ ئاخێوەر دادەمەزرێنن دەربارەی خودی وشـەکە و ئەو واتایەنەی دەیگەیەنێت، ئەمەش جەخت لەو ڕاسـتییە دەکاتەوە، کە (بەکارهێنان) سـەرچاوەی ڕاسـتەوخۆی وەرگرتنی زانیاری مرۆڤە لە ژینگە و دەوردەبەرەوە بۆ نەخشـاندن و شـێوەداڕشـتنی کۆزانیاریی وشـەیی لە فەرهەنگی ئاوەزیی ئاخێوەردا. هەر بۆیە شـرۆڤەکردنی (بنەمایی بەکارهێنان) هەم وەک چەمکێک و هەم وەک (تیۆرییەک) لە زانســتی زمانی درکپێکردن و ئەم لێکۆڵینەوەیەشـــدا بە گرنگ و کرۆک دادەنرێت.

٢/ داڕشتەی کۆزانیاریی وشەیی لە چێوەی تیۆری (بنەمایی بەکارهێنان)دا:

تیۆری بنەمایی بەکارهێنان، بۆ یەکەمجار لە لایەن (Michal Tomasello)ەوە پێشـکەشـکرا [١]، سـەرەتا لە شـێوەی گریمانەیەکی زمانپژاندا خرایەڕوو، دواتر گەشەیکرد و بوو بە ڕێبازێکی نوێ بۆ زمانەوانی، ئەم تیۆرە بۆ زانستی زمانی درکپێکردن بە گشـــتی و بۆ ڕێزمانی درکپێکردن بوو بە بناغە، بە جۆرێك، کە خودی زانســـتی زمانی درکپێکردن وەك مۆدێلی بنەمایی بەکارهێنانی زمان ناسێنرا(Geeraerts,2006,P:17)

پێویســـتە بگوترێـت، کە لە پێش (Tomasello و Langacker)ەوە چەنـد بیروبۆچوونێـك دەربـارەی گرنگی، یـان دەرخســـتنی ڕۆڵی ژینگە و دەوروبەری کۆمەڵایەتی لەســـەر زمـانپژان و فێربوونی زمـانی دووەم لە ئـارادابوون (Bybee,2013,P:2) وەك بۆچوونەکانی (Firth)، کە پێی وابوو گرنگترین بنەما بۆ زمانپژان و فێربوونی زمانی دووەم دەوروبەرە، بەتایبەتی لایەنە کۆمەڵایەتییەکانی دەوروبەر، دوا بەدوای (Firth) چەندین زمانەوانی دیکە کاریان لەسـەر ئەم بۆچوونە کردووە، کە کـارەکـانیـان کـاریگەرییەکی بەردەوامی لەســـەر زمـانەوانیی هەبووە بە زانســـتی زمـانی درکپێکردنیشەوە، لەگەڵ ئەمانەشدا بۆچوونی دژ لە ئارادابوون، کە لە کۆتایی سەدەی بیستەمدا بانگەشەی ئەوە دەکرا، کە زمان پەیڕەوێکی جێگیر و نەگۆڕە، هەر بۆیە باسـکردنی زمانپژان و فێربوونی زمانی دووەم دەبێت بە شـێوەیەکی

---

١ - (Tomasello) تیۆری بنەمایی بەکارهێنانی لە زمانپژاندا پێشکەشکرد، کە ڕەتکردنەوەی تیۆری (ڕێزمانی گشتی) قوتابخانەی بەرهەمهێنان و گواستنەوە بوو.(Langacker )یش لە ڕێزمانی درکپێکردندا ، ئەم تیۆرییەی خستەڕوو لە ئەنجامی ئەو بۆشاییەی، کە لە نێوان داڕشتەی چەمکیی و داڕشتەی زمانییدا هەستپێکردبوو .

سەربەخۆ و دابڕاو بێت لە دەروبەر و بەکارهێنانی زمان و سەرجەم توانا درکپێکردنەکانی تری مرۆڤ وەك (پەیپێبردن، سەرنجدان، پۆلکردن، خستنەپاڵیەك، جیاکردنەوە، لەیەکچوون و....هتد)، بەڵام لە ئێستادا بەتایبەتی لە ڕێزمانی درکپێکردندا جەخت لەسەر ڕوانگەی (بنەمایی بەکارهێنان) دەکرێتەوە، نەك تەنها لە زمانپژان و فێربوونی زمانی دووەمدا، بەڵکو خودی تێڕوانین بۆ زمان، ڕێزمان و داڕشتە زمانییەکانی گرتۆتەوە و لە چوارچێوەی ئەم تیۆرییەدا شیدەکرێنەوە.

شایەنی تێبینییە ئەم تیۆرییە بیروبۆچوونەکانی هەردوو ڕێزمانی دروستەکاریی و بەرهەمهێنان و گواستنەوە ڕەتدەکاتەوە، کە ساڵانێکی زۆر بانگەشەی ئەوەیان دەکرد، کە دەبێت لێکۆڵینەوە لە پێرەوی زمانی (توانست، "Langue or Competence") لە لێکۆڵینەوەی بەکارهێنانی زمان (توانا، "Parol or Performance") جیابکرێتەوە[٢].

١/٢ کاریگەری ڕوانینەکانی (بنەمایی بەکارهێنان) لە داڕشتەی کۆزانیاری وشەییدا:

خاڵی بنەڕەتی لە تیۆری بنەمایی بەکارهێناندا، بریتییە لەوەی، کە (کۆزانیاری زمانی) لە ئەنجامی بەکارهێنانی زمانەوە دێتەکایەوە، لەبەرئەوەی توانای بەکارهێنانی زمان لە ژێر کاریگەری هۆکارە دەرەکییەکانی وەك(هیلاکی، نەخۆشی، گرنگینەدان، کارلێکنەکردنی ئاخێوەر و...هتد)دا دەگۆڕێت و ناتوانێت ڕەنگدانەوەی تەواوەتی کۆزانیاریی زمانی (توانست) بێت، هەر بۆیە ئەو تێڕوانینەی بەرهەمهێنان ڕەتدەکاتەوە، کە پێیوایە کۆزانیاریی زمانی (توانست)، بەکارهێنانی زمانی (توانا) دیاریدەکات. (Evans and Green,2006,P: 756)

دەتوانرێت بگوترێت، کە لەم تیۆرییەدا توانستی زمانی تەنها بریتییە لە شارەزایی لە چۆنیەتی بەکارهێنانی زماندا، کەواتە ڕێکخستنی کۆزانیاریی زمانیی ئاخێوەر بەرهەمی بەکارهێنانی زمانەکەیەتی لە دەوروبەر، یان دەربڕاو (Usage event)ە جیاوازەکاندا، بۆ ڕوونکردنەوەی زیاتر، با لەم دوو گفتوگۆیەی ژمارە (٢٣) و (٢٤) بڕوانین :

(٢٣) أ- ئەوە چییە ؟ ئەم هەموو جوانیەت لە کوێ بوو ؟.

ب- فەرموو ؟ ئیشەکەت چییە بیڵێ ؟ ماستاوم بۆ مەکە.

(٢٤) أ- ئەرك نەبێت ماستاوێکم بۆ ناهێنیت.

ب- ماستاو نەماوە، ئاو نابێت ؟

ئەم دوو گفتوگۆیە، دوو بارودۆخ یان دوو بەکارهێنانی جیاوازی وشەی (ماستاو)ن، کە هەر هەمان وشەیە، بەڵام لە دوو دەقی بەکارهێنانی جیاوازدا، بەکارهاتووە، لە بەکارهێنانی ژمارە (٢٣-ب)دا، وشەی (ماستاو) بەواتای ئەوە هاتووە، کە ئاخێوەر ئیشێکی بە گوێگرە و پێش داواکارییەکەی وەك هۆکارێك بۆ کارتێکردنە سەری، کۆمەڵێك وەسف و پیاهەڵدانی پیاهەڵدەدات، تا کارەکەی بۆ جێبەجێبکات.بەڵام لە بەکارهێنانەکانی ژمارە (٢٤)(أ و ب)دا وشەی (ماستاو) بەو واتایە بەکارهاتووە، کە شلەیەك لە (ماست + ئاو) پێکهاتووە و لە کوردەوارییدا باوە لەگەڵ نان خواردندا دەخورێتەوە. هەر بۆ تێگەیشتن و سەلماندنی گرنگی بنەمایی (بەکارهێنان) و بارودۆخی گوتن، لەگەڵ چۆنێیەتی پەیوەندی بەکارهێنانی زمان، لە دیاریکردنی واتا و چەمکی وشەکاندا، با لە نموونەکانی ژمارە (٢٥) ،(٢٦) و (٢٧) ڕابمێنین :

(٢٥) أ- شووتییەکە چۆن بوو ؟

---

٢ - بۆ زانیاری زیاتر لەسەر (توانست و توانا) لە ڕێزمانی بەرهەمهێناندا بڕوانە : (محمد، ٢٠١٢ ، لا: ١٨-٢١).



JZSB p-ISSN: 1813-0852, e-ISSN: 2617-3034

ب- ئەڵێی کەللەی شەکرە، لە شووتی جاران دەچێت.

(٢٦) أ- چیت ئەوێت وەستا ؟ بیڵێ تا بۆت بهێنم.

ب- ئەو کەللەیەم نادەیتێ.

(٢٧) أ- ئەرێ مێژووی ئێسکوپروسکەکانیان دیاریکرد ؟

ب- هەموویان نا، تەنها هی دوو کەللەیان دیاریکردووە.

لە گفتوگۆکانی ژمارە (٢٥) و (٢٦) و (٢٧)دا، دەتوانرێت سێ بەکارهێنان و بارودۆخی گوتنی جیاوازی وشەی (کەللە) دەستنیشانبکرێت بەپێی ڕستەکان و پەیوەندی نێوان ئاخێوەر و گوێگر دەتوانرێت واتاکانیان لە هەر سێ گفتوگۆکەدا دیاریبکرێت، لە ڕستەی ژمارە (٢٥)(ب)دا، مەبەست لە وشەی (کەللە) ئەو شەکرەیە، کە لە سەردەمێکی دیاریکراودا، بوونی هەبوو، خەڵکی کڕیویانە و دواتر بە شەکرشکێن پارچە پارچەیان کردووە و لەگەڵ چای تاڵدا پێشکەشکراوە، کە لەم گفتوگۆیەدا وشەی (کەللە) بۆ دەرخستنی تامی (شووتییەکە) ئاماژەی پێدراوە.لە ڕستەی (٢٦)(ب)دا، وشەی کەللە لە بارودۆخ و ژینگەی کارکردندا بەکارهاتووە، کە واتای (کەللەی بلۆک) دەگەیەنێت و بەکارهێنانەکەی لە ژینگەی کارکردنی نێوان کرێکار و وەستادا، واتاکەی دیاریدەکات، لە ڕستەی ژمارە (٢٧)(ب)دا وشەی کەللە، بە واتایەکی جیاواز لە دوو ڕستەکەی پێشوو، بەکارهاتووە، کە مەبەست لێی واتای کەللە سەری بوونەوەرە، کە لە شوێنێکدا وەک پاشماوە و ئاسەوار دۆزراوەتەوە.بۆ تێگەیشتنی زیاتر و خستنە ڕووی گرنگی بەکارهێنان، با لەم نموونەکانی ژمارە (٢٨)، (٢٩) و (٣٠) وردبینەوە :

(٢٨) أ- چەند سەر خێزانن ؟

ب-چوار سەر خێزان.

(٢٩) أ- چەند سەر حەیوانت هەیە ؟

ب- سێ سەد سەر.

(٣٠) أ- ئەو سەرە سەری خۆی نییە.

ب- خەمت نەبێت ئەونەی نەماوە، دایدەنێت.

نموونەی ژمارە (٢٨)، بریتییە لە پرسیاری ئاخێوەر، کە لە گوێگری دەکات بۆ وەرگرتنی زانیاری، کە مەبەست لە بەکارهێنانی وشەی (سەر) ئەندامانی خێزانە، بەڵام لە نموونەی ژمارە (٢٩)دا وشەی (سەر) بە واتایەکی تر بەکارهاتووە، کە ئاماژەیە بۆ ژمارەی ئاژەڵەکانی، کە گوێگر خاوەنیانە. واتای وشەی (سەر) لە نموونەی ژمارە (٣٠)دا، بریتییە لە ئەندامێکی جەستەی مرۆڤ و لێرەدا بە شێوەی میتافۆرییانە بەکارهاتووە، بۆ ئاماژەدان بە هەڵسوکەوت و بیرکردنەوەکانی کەسێک، کە دەبنە هۆی لە ناوچوون و نەمانی.

کەواتە (بەکارهێنانی وشەکان) ڕۆڵی سەرەکی لە دیاریکردنی واتای وشەکاندا دەگێڕێت و هەر ئەویشە بەپێی بەکارهێنانەکان داڕشتە و تەرزە ڕێزمانییەکان دیاریدەکات. ئەمەش بۆچوونەکەی سەرەوە پشت ڕاستدەکاتەوە، کە پێیوایە لە ڕاستیدا (بەکارهێنانی زمان) و پەیداکردنی شارەزایی تێیدا و دواتر بەکۆدکردنی لە ئاوەزدا دەبێتە بنەما بۆ (توانست / کۆزانیاری زمانی)، نەک بە پێچەوانەوە (توانست / کۆزانیاری زمانی) بنەما بێت بۆ (توانای زمانی / واتە بەکارهێنانی زمان). دیارە ئەم تێڕوانینەش هەم تێڕوانینێکی نوێ هەم تێڕوانینێکی تەواو جودایە لە تێڕوانینەکانی پێش خۆی و تەنها لە درکپێکردنی زماندا بەرجەستە دەبێت.

٢/٢ کرۆکیی ڕوانینەکانی (بنەمایی بەکارهێنان) لە گۆڕانی داڕشتەی کۆزانیاریی وشەییدا:

تیۆری بنەمایی بەکارهێنان، بیروبۆچوونی نەگۆڕی و چەسپاوی زمان ڕەتدەکاتەوە، دژی جیاکردنەوەی لێکۆڵینەوەی (ئێستای زمان) لەگەڵ (مێژووی زمان)ە وەک سۆسێر و دروستەکارییەکان جیایانکردۆتەوە. و گرنگییەکی زۆر دەدات بە گەشەکردنی پلە بە پلەی زمان و گۆڕانی زمان، لەبەرئەوەی زمان هۆکاری پەیوەندیکردنی مرۆڤەکانە، لەگەڵ تێپەڕبوونی کاتدا، ئەو گۆڕانکارییەی بەسەر ژیانی بەکارهێنەرانی زماندا ڕوودەدەن کار لە زمانەکەیان دەکەن و دەبنە هۆی گۆڕینی باوەکان لە پەیڕەوی زمانەکەیاندا، واتە زمان بە بەردەوامی لە گۆڕاندایە، ئەم گۆڕانەش پلە بە پلەیە و لە ئەنجامی بەکارهێنانی زماندا دێتەکایەوە، کە زۆرجار لە سەرەتادا لە بەکارهێنانێکی تاکە کەسیدا سەرهەڵدەدات و بڵاودەبێتەوە، کەواتە بەهۆی ئەزموونی تاکە کەسێکەوە گۆڕانەکە ڕوودەدات. ئەم تیۆرییە پێیوایە، کە گۆڕانی زمانی بەهۆی گۆڕانی پەیڕەوی ناوەکیی زمان خۆیەوە نایەتەکایەوە، بەڵکو بەهۆی کارلێکردنی کۆمەڵایەتی و بۆنە و بوارەکانی بەکارهێنانەوە دێتەکایەوە، واتە گۆڕان لە زماندا پەیوەندی نییە بە خودی زمانەوە، بەڵکو پەیوەستە بە بەکارهێنانی زمانەوە، کە بە هۆیەوە گۆڕان لە باوەکانی پەیڕەوی زمانییدا دەهێنێتەکایەوە. بە شێوەیەکی گشتی دەتوانرێت بگوترێت تیۆری بنەمایی بەکارهێنان جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە، کە پێکهاتەی زمانی بەهۆی دووبارەبوونەوەی تەرزە دیاریکراوەکانەوە لە بەکارهێنانی زماندا، شێوە وەردەگرن و بەپێی بەکارهێنەرانی زمانەکە، پێکهاتە زمانییەکان و زمانیش بەردەوام لە گۆڕاندا دەبن، گۆڕانەکەش پلە بە پلەیە و بەپێی تێپەڕبوونی کات، دەچەسپێت، ئەم خایاندنەش وایکردووە، کە ڕێبازەکانی تری زمانەوانی بانگەشەی نەگۆڕی و چەسپاوی زمان بکەن، بەڵام زمان خاوەنی هەردوو سروشتی ڕێکخراوی و گۆڕانە لەیەك کاتدا. (Bybee,2010,P:1-2) بۆ نموونە، گەر لە بواری خواستنی وشەدا لە وشەی (دیموکراسی) بڕوانین، لە نموونەکانی ژمارە (٣١) و (٣٢)دا :

(٣١) (دیموکراسی) ئەمڕۆ دیموکراسییەکی پلە بەندە.

(٣٢) پارتی (دیموکراتی)ی کوردستان براوەی هەڵبژاردنەکانی ئەمساڵ بوو.

گەر لە هەردوو وشەی (دیموکراسی) و (دیموکراتی)ی نموونەکانی ژمارە (٣١) و (٣٢) بڕوانین، دەبینین، کە چۆنیەتی دەربڕین و ڕێنووسکردنیان جیاوازە و دوو تەرزی جیاوازیان لە بەکاربردنە خواستراوەکەیاندا وەرگرتووە، لە ڕووی واتاشەوە بەهەمان شێوە، چونکە وشەی (دیموکراسی) لە ڕستەی ژمارە (٣١)دا، زیاتر وەرگرتنێکی ڕاستەوخۆیە لە زمانی ئینگلیزییەوە خواستراوە و هەمان واتاشی هەیە، بەڵام وشەی (دیموکراتی) لە ڕستەی ژمارە (٣٢)دا، وەرگرتنێکی ناڕاستەوخۆیە و لە وشەی (الدیمقراطیة)ەی زمانی عەرەبییەوە وەرگیراوە و لە ئێستادا وەک ناوێک بۆ یەکێک لە حیزبە کوردییەکان بەکاردێت. بەمشێوەیە دەردەکەوێت، کە ئەم وشەیە لە زمانی کوردییدا پێکهاتەکەی و ئەو واتایەی دەیگەیەنێت بەهۆی دووبارەبوونەوەی تەرزە دیاریکراوەکانی وشەکەوە لە بەکارهێنانی زماندا شێوەیان وەرگرتووە و گۆڕانی پلە بە پلەیان تێدا ئەنجامدراوە، هەر لە ئەنجامی بەکاربردنی بەردەوامی وشەکەشەوە گۆڕانکارییەکە لە بارێکدا دەچەسپێت، وەک ئەوەی لە ئێستادا وشەی (دیموکراتی) لە ڕستەی ژمارە (٣٢)دا زیاتر وەک ناوی حیزبێکی کوردی لێهاتووە، هەر بۆیە لە بری ئەوەی بگوترێت (حیزبی پارتی دیموکراتی کوردستان) دەگوترێت (پارتی دیموکراتی کوردستان ). بۆ تێگەیشتنی زیاتر، با لە نموونەی ژمارە (٣٣) ڕابمێنین:

(٣٣) سەیارەکەی باپیر علوجە.

وشەی (علوج) وشەیەکی زمانی عەرەبییە، مێژووەکەی بۆ سەرەتاکانی پەیدابوونی ئایینی ئیسلام و فتوحاتی ئیسلامی دەگەڕێتەوە، لەو کاتەدا وشەکە بەو جەنگاوەرە بێباوەڕانەی، کە لە دژی موسوڵمانەکان دەجەنگان دەگووترا،

لە کاتی هێرشەکانی هێزەکانی هاوپەیمانان بۆ (بەغداد) وشەکە سەرلەنوێ بەکارهاتەوە، چونکە کاربەدەستانی (بەغداد) لە لایەکەوە نەیاندەویست بە جەنگاوەرێکی بێ باوەڕی داگیرکەر بڵێن سەرباز (جندي) و لە لایەکی تریشەوە بۆ وروژاندنی هەستی ئایینی و نەتەوایەتی، وشەی (علوج)یان بۆ بەکارهێنان، دواتر وشەکە بەشێوەیەکی بەرچاو هاتە ناو زمانی کوردییەوە، بەڵام بە واتایەکی تەواو جیاواز لەو واتایەی لە زمانی عەرەبیدا هەیبوو، لە ئێستادا بۆ کەلوپەلێک بەکاردەهێنرێت، کە خاوەنە ڕاستەقینەکەی دیارنەبێت و نەزانرێت لە بنەڕەتدا هی کێیە و سەرچاوەکەی لە کوێوە هاتووە لێرەدا وشەکە لە ڕووی فۆنۆلۆژییەوە وەک خۆی وەرگیراوە، بەڵام بە واتایەکی جوداوە و (تەنانەت لە شاری سلێمانی شوێنێک بەو ناوەوە ناونراوە (مەعرەزی علوجەکە)). هەر لەم ڕوانگەیەوە، با لە نموونەی ژمارە (٣٤) وردبینەوە :

(٣٤) مامۆستایان لە بەرانبەر پێنەدانی موچەکانیان بایکۆتی هۆڵەکانی خوێندنیان کرد.

وشەی (بایکوت) ماوەیەکە هاتۆتە ناو زمانی کوردییەوە، لە زمانی ئینگلیزیەوە، وەرگیراوە، بە هەمان واتا ئینگلیزییەکەیەوە بە کاردێت، کە واتای (پەیوەندی نەکردن، دەوام نەکردن) دەگرێتەوە، بە واتای کەسەکان (کارو ئەرک، چوونەژوورەوە، کۆبوونەوە، بەشداریکرن....هتد)ەکانیان بۆ ماوەیەکی دیاریکراو و تا جێبەجێکردنی داواکارییەکانیان، هەڵدەپەسێرن. ڕاستە بە هەمان واتا بنەڕەتییەکەی بەکاردەهێنرێت، بەڵام گۆکردنەکەی لە زمانی کوردیدا جیاوازە، لە گۆکردنی وشەکە لە زمانی ئینگلیزییدا، لە زمانی کوردیدا وشەی (Boycott) وەک (بایکۆت) گۆدەکرێت، بەڵام لە زمانی ئینگلیزییدا بە (/بۆیکۆت/) دەخوێنرێتەوە، گۆڕانکارییەکە تەنها لە گۆکردنی وشەکەدا ڕوویداوە.

٣/٢ بنەمایی بەکارهێنانی زمان لە داڕشتەی زمانی کوردییدا:

بە گشتی تیۆرییەکانی بنەمایی بەکارهێنان، تەرخانن بۆ بانگەشە و سەلماندنی ئەوەی، کە داڕشتەی زمانیی لە بەکارهێنانی زمانەوە سەرچاوە دەگرێت و ناتوانرێت لە داڕشتەی زمانی بکۆڵرێتەوە بە بێ ڕەچاوکردن و بەهەند وەرگرتنی سروشتی بەکارهێنانی زمان. زمانپژان بەپێی تێڕوانینی بنەمایی بەکارهێنان وەك كاراكردنی پەیڕەوێکی ڕەمەکی دیاریکراوی کۆزانیاری ناناسرێت، واتە بوونی کەتیگۆری و یاسا ڕێزمانییەکان بە شێوەی خۆڕسك لە ئاوەزی مرۆڤدا (ئامێری زمانپژان) ڕەتدەکاتەوە و جەخت دەکاتەوە لەسەر ئەوەی یەکە زمانییەکان، یان پێکهاتەکان پوختەیەکن، کە لە تەرزەکانی بۆنەکانی بەکارهێنانەوە، کە لە لایەن منداڵەوە ئەزموونکراون، دێنەکایەوە و بەهۆی دووبارەکردنەوەی بەردەوامەوە دەچەسپێن، واتە منداڵ تەرزەکان لە بۆنە و بوارەکانی بەکارهێنانە تاقیکراوەکانەوە وەردەگرێت و لاساییاندەکاتەوە لەگەڵ خستنەگەڕی توانا درکپێکراوەکانی خۆی، وەك(کەتیگۆریکردن، جیاکردنەوە بەپێی لێکچوون و جیاوازی، خستنەپاڵیەك، یادگەی زەوەند و...هتد). بەمەش گەنجینەی کۆزانیارییە زمانییەکەی پێکدەهێنێت. (Evans and green,2006,P:111). لێرەدا دەتوانرێت فێربوونی ناوی کەس، زیندەوەر، کەلوپەل، ئەندامەکانی جەستە و....هتد)بە نموونە بهێنرێتەوە، هەر وەک لە ڕستەکانی (٣٥)، (٣٦)، (٣٧) و (٣٨)دا دەسەلمێنرێت :

(٣٥) نانی ات (لانی هات ).

(٣٦) وەوووەو کخە (سەگەکە پیسە).

(٣٧) چەچی عەت (کێشاوێتی بە دەستمدا )

(٣٨) تاوی ویە (چاوم دەیەشێت).

لەم نموونـانەدا دەردەکەوێـت، کە منـداڵ نـاولێنـانەکـانی، چۆنیەتی ڕیزکردنی دەربڕاوەکـانی بەپێی ئەزموون و تاقیکردنەوەکانی خۆی دادەڕێژێت. سەرجەم گۆڕانکارییەکانیش، کە لە وشەکانی نموونەکاندا بەرچاودەکەون ڕاستی ئەم بۆچوونە دەسەلمێنن.

دانانی زمان بە هۆکاری پەیوەندیکردن لە نێوان مرۆڤەکاندا و جەختکردنەوە لەسـەر ئەوەی داڕشـتە ڕێزمانییەکان لە لایەن جۆری پەیوەنـدیکردنەوە دیـاریـدەکرێن، بە پێچەوانەی ڕێزمـانی بەرهەمهێنـان[٣]، کە زیـاتر وەك (پێڕەوێکی ژمێریاریی) لە زمان دەڕوانێت. بەو پێیەی بە شێوەیەکی گشتی ڕێزمان بە دەستەیەك کەتیگۆری خۆڕسك و سەرەتایی و ڕێســـا یەك لە دوایەکەکـانی، کە بە شـــێوەیەکی بـایلۆژی لە لایەن فـاکەڵتی تـایبەتی بیری مرۆڤ دیـاریکراون، لێکەداتەوە.(Diessel,2017,P:2)، بەپێچەوانەوە تیۆری بنەمـایی بەکـارهێنـان گریمـانەی (خۆڕســـك)ی ڕێزمـانی بەرهەمهێنان ڕەتدەکاتەوە، کە لە چوارچێوەی ڕێزمانی جیهانیدا خراوەتەڕوو. بەو پێیەی لەم ڕێبازەدا زمان پێکهاتووە لە داڕشــتە (شــلەکان)، واتە داڕشــتە زمانییەکانی پێڕەوی زمان، وەك چۆن (شــلەکان) شــێوەی دەفرەکان وەردەگرن، داڕشتەکانی زمانیش بەهەمان شێوە لە لایەن جۆری پەیوەندیکردن، یادگە و پێواژۆکان لە قاڵب دەدرێن و شێوەکانیان وەردەرگرن، کە ئەم بۆچوونە تەواو جیـاوازە لە تێڕوانینی بەرهەمێنـان، کە پێیوایە داڕشـــتەی زمـانی بەپێی چەنـد چەمکێکی زمانی خۆڕســکی بۆماوەیی بنیاتنراون. گەر لە جۆری پەیوەندیکردن و ژینگەی پەیوەندیکردن وردبونەوە بکرێت، دەبینرێت، کە وردەکاری جۆری پەیوەندیکردن، داڕشـــتە زمانییەکەی ئاخاوتنی پێدەکرێت، دیاریدەکات، هەر بۆیە دەبینرێت ئاخاوتنی ڕامیاری کۆڕ و کۆنفرانس و چاوپێکەوتن لە ڕاگەیاندنەکان داڕشـــتەیەکی فەرمین و کەمتر داڕشـــتەی زمانی گۆڕاو و وشـــەی نافەرمی تێدا بەکاردێت، لە کاتێکدا جۆری پەیوەندی و ژینگەی زمانی ئاخاوتنی ناو بازاڕ و ماڵەوە، تا ڕادەیەک زمانی هونەر و شـیعر و گۆرانی... هتد زمانێکی گۆڕاو و داڕشـتەیەکی جیاواز وەردەگرن، بۆ ڕوونکردنەوەی زیاتر، با بەراوردێکی ئاخاوتنی (أ و ب)ی نموونەی ژمارە (٣٩) بکەین :

(٣٩) أ- ئەگەر جەنابتان قبووڵ بفەرموون، ئەو داواکارییەم بۆ واژۆ بکەن، مەمنون ئەبم قوربان.

ب – کاکە دەوەرە، سەعاتێکە چاوەڕێم، ئەو وەرەقەیەم بۆ ئیمزاکە زۆرم پەلەیە.

ئەگەر لە نموونەکانی ژمارە (٣٩-أ) و (٣٩- ب) وردبینەوە، دەبینین کە نموونەی ژمارە (٣٩-أ) زیاتر لە داواکارییەکی فەرمی دەچێت لە ژینگەیەکدا ،کە پەیوەنـدی نێوان ئـاخێوەر و گوێگر، بریتییە لە پەیوەنـدییەکی فەرمی، هەر بۆیە وشـــەکان و ڕێکخســـتنیان زیاتر کلێشـــەئاســـایە، واتە لەم جۆرە ژینگانەدا وەک کلێشـــەیەک بە بەردەوامی دووبارە دەبێتەوە، بەڵام لە نموونەی ژمارە (٣٩- ب) لەگەڵ ئەوەی ژینگەکە ژینگەی کارکردنە، بەڵام پەیوەندی نێوان ئاخێوەر و گوێگر، پەیوەندییەکی هاوڕێیانەیە، واتە نافەرمییە، هەر بۆیە داواکارییەکە لە قاڵبی ئاخاوتنێکی ڕۆژانەی ئاسـاییدایە، زیاتر لە قسەی دوو هاوڕێ دەچێت، کە بەردەوام و بەپێی گۆڕانە باوەکانی سەردەم، گۆڕانکاری بەسەردادێت.

٤/٢ بنەمایی بەکارهێنانی زمان لە داڕشتەی ڕێزمانی زمانی کوردییدا:

ئـامـانجی ســـەرەکی لە لێکۆڵینەوەی ڕێزمـان لە زانســـتی زمـانی درکپێکرنـدا، لە پێنـاو هێنـانەکـایەی ئەســـکەلە(Schema)یەکە بۆ شـــیکردنەوەی داڕشـــتەی زمانی، کە لەســـەر بنەمای پێواژۆ گشـــتییەکانی درکپێکردن بنیاتنرابێت. ئەو پێواژۆیانەش تەنها پەیوەست نین بە زمانەوە، بەڵکو بە هەموو دیاردە درکپێکردنەکانی، وەك : (بینین،

٣ - بۆ زانیاری زیاتر دەربارەی زمانپژان لە ڕێزمانی بەرهەمێناندا بڕوانە : (حمد،٢٠١٤، ل:٣٧-٣٩).

سـەرنجدان، گۆشـەنیگا، پەیپێبردن و...هتد) ەوە پەیوەسـتن، کە ئەمەش تەواو پێچەوانەی ڕێزمانی بەرهەمهێنانە، کە تێیـدا چەق و نـاوەڕۆکی کۆزانیـاریی ڕێزمـانی بەکارهێنەری زمـان دەگەڕێنرێتەوە بۆ فـاکەڵتیەکی تـایبەتی ئـاوەز، کە کەتیگۆرییە باوەکانی (بکەر، بەرکار، فرێزی ناوی و ...هتد) و کۆت و بەندەکانن و بۆ زمان گرنگن. لە ڕێبازی درکپێکردندا فاکەڵتی تایبەتی زمان بوونی نییە، لەم تێڕوانینەوە ڕێزمان لە شـارەزاییەوە سـەرهەڵدەدات و لە بری ئەوەی نەگۆڕ و چەسـپاو و ڕێسـای بۆماوەیی و هەڵگیراو بێت، وەك پێڕەوێکی گۆڕاو، یان وەك تۆڕبەندێکی گۆڕاو سـەیر دەکرێت، کە هەموو هێما زمانییەکانی تێدا بەهۆی لقی جۆراوجۆرەوە پێکەوە بەستراون، کە دەتوانرێت، وەك تۆڕبەندی کارلێکردنی هێما زمانییەکان دابنرێت.(kapatsinski,2014,P:2). هەر لە ڕوانگەی گرنگی دیاردە درکپێکردنەکان لەسـەر چۆنیەتی ڕێکخسـتن و ڕیزکردنی وشـەکانی ڕسـتە، ئەگەر دیاردەی (سـەرنجدان) لە دیاریکردن و ڕێکسـختنی وشـەکانی ناو ڕستەیەک، بە نموونە وەربگیرێت، دەردەکەوێت، کە تاکە دیمەنێکی دیاریکراو، دەتوانێت بە چەندین ڕستە دەربڕێت، بۆ نموونە (دیمەنی بە تۆپ یـاریکردنی بـاپیر و شـکـانـدنی پەنجەرەیەک بە هۆی هەڵـدانی تۆپەکەیەوە)، بەپێی سـەرنجدانی ئاخێوەر و گرنگێتی و زەقکردنەوەی دیمەنەکان، چۆنیەتی ڕیزکردنی وشـەکانی ناو ڕسـتەکان دەگۆڕێت، ڕستەکانی ژمارە (٤٠)، (٤١)، (٤٢) و (٤٣) سەلمێنەری ئەم ڕاستییەن:

(٤٠) پەنجەرەکە شکێنرا.

(٤١) پەنجەرەکە بە تۆپ شکێندرا.

(٤٢) بە تۆپ پەنجەرەکە شکێندرا.

(٤٣) باپیر پەنجەرەکەی شکاند.

لەم ڕسـتـانەدا (دیمەنێکی دیـاریکراو) بەپێی خاڵی سـەرنجدانی ئاخێوەر و گرنگیـدانی بە خـاڵێکی دیـاریکراوی دیمەنەکە، بە چەند داڕشـتـەیەکی ڕێزمانی جیاواز دەربڕاوە، لە ڕسـتـەی ژمارە (٤٠)دا سـەرنجی ئاخێوەر زیاتر لەسـەر ئەنجامی دیمەنەکەیە، واتە وێنە کۆتاییەکەی پەنجەرەکە، بەڵام لە ڕستەی ژمارە (٤١)دا زیاتر سەرنجی ئاخێوەر لەسەر خودی پەنجەرەکەیە، لە ڕسـتـەی ژمارە (٤٢)دا بە ڕوونی دیارە، کە ئامراز یان هۆکاری شـکاندنەکە زەقکراوەتەوە، بەڵام لە ڕسـتـەی ژمارە (٤٣)دا بکەری شـکـاندنەکە گرنگی پێدراوە و خـاڵی سـەرنجی ئاخێوەرە، کە بۆتە هۆی ڕوودانی شکاندنەکە. بۆ تێگەیشتنی زیاتر با لە ڕوانگەی ئەم تێڕوانینەوە لە گفتوگۆکانی نموونەی ژمارە (٤٤) بڕوانین :

(٤٤) أ- ئەرێ ئازاد گەیشتە چی ؟ پێی وت ؟!

ب- بەڵێ پێی وت و کچەکەش دڵیشکاند.

أ- چۆن ؟

ب - ئەی ڕەتیکردەوە قوربان و ڕازینەبوو.

أ- جا ئەوەکەی شکانە، ئەوە دروستبوون و نەجاتبوونە.

ئەگەر لە نموونەی ژمارە (٤٤) وردبینەوە، دەبینین، کە وشـەی (شـکاندن) بە شـێوەیەکی ئەنالۆژییانە بەکارهاتووە، چونکە شـکاندن بۆ شـتومەکی کۆنکرێتە، بەڵام لێرەدا بۆ (دڵ) بەکارهاتووە، کە واتای (ڕەتکردنەوە) دەگەیەنێت. جگە لەوەش تێڕوانینی ئـاخێوەرەکـان بۆ چەمکی (ڕەتکردنەوە) لە یەکتر جیـاوازە، هەر یەکەیـان بەپێی ئەزموون و تـاقیکردنەوەی خۆی لە ژیـانـدا، واتـای بۆ (ڕەتکردنەوە) دیـاریکردووە، ئـاخێوەری یەکەم بە شـێوەیەکی نەرێنی لێیدەڕوانێت، بەڵام ئاخێوەری دووەم بە واتای سەر لەنوێ دروست بوونەوە و نەجاتدان لێیدەڕوانێت.

بۆ تێگەیشتنی زیاتر با لە داڕشتەی مۆرفۆلۆژی (ناو+چی) بڕوانین ،کە ئەم داڕشتەیە لە زمانی کوردیدا ناوی پیشە دەهێنێتەکایەوە ،بەڵام جگە لە ناوی پیشــە زۆرجار ڕوودەدات ،کە بەشـێوەیەکی ئەنالۆژییانە ئەم داڕشـتەیە هەندێک جار ناوی ئەبستراکت دەهێنێتەکایەوە، وەک لە نموونەی ژمارە (٤٥)دا دەردەکەوێت :

(٤٥) ساختەچی

ئەم وشــەیە بەشــێوەیەکی ئەنـالۆژییـانە ، بەپێی تێڕوانینی جودا و ئەزموونی تـاقیکراوەی بەجەســتەکراوی جیاوازجیاواز دروستکراوە، ئەگەر لەم ڕوانگەیەوە لێی بڕوانین دەبینین ،کە وشەی (ساختەچی) بەرانبەر واتای کەسی (فێڵباز، قۆڵبڕ) دەوەستێتەوە، کە وەک پیشەیەکی لێ هاتووە و کەسەکەی پێدەناسرێتەوە ،بەڵام ئەم واتایە کاتێک لای ئاخێوەر بوونی دەبێت ،کە ئەزموونی تاقیکراوەی لەگەڵ ئەو جۆرە کەســانەدا هەبێت، بۆیە ئەم وشــەیە بەشــێوەی ئەنالۆژی لە ڕووی ڕێزمانەوە دروستبووە، بەڵام لە ڕووی واتاوە واتایەکی ئینسکلۆپیدییانەی هەیە و چەند گۆشەنیگای جودا جودا لە دیاریکردنی واتاکەیدا ڕۆڵ دەگێڕن بۆ نموونە با لە دوو ڕستەی ژمارە (٤٦) و (٤٧) بڕوانین :

(٤٦) بەخوا پیاوێکی ساختەچییە.

(٤٧) ساختەچێتی بە شیرەوە خواردووە.

دەبینین، کە لە ڕستەی ژمارە (٤٦)دا مەبەست لە کەسی (قۆڵبڕ یان فێڵباز)ە ،کە دەستبڕین و فێڵکردنی لە خەڵکی کردۆتە پیشــە و پارەی پێپەیدادەکات، بەڵام لە ڕســتەی ژمارە (٤٧)دا زیاتر مەبەســت هەردوو تایبەتمەندییەکەیە پێکەوە، واتە پیاوەکە هەردوو خاســیەتی (فێڵبازی و قۆڵبڕین)ی کردۆتە ئەدگاری کەســێتی خۆی و لێیجیانابێتەوە. بێگومان، لە ڕستەی ژمارە (٤٦)دا پیاوەکە پیشەکەی ساختەچێتییە، بەڵام لە ڕستەی ژمارە (٤٧)دا پیاوەکە خاسیەت و ئەدگاری کەسێتییەکەی بووە بە ساختەچی، واتە پیاوی ڕستەی ژمارە(٤٧) قۆناغێکی پێشکەوتووتری ساختەچێتییە، بێگومان، ئەمەش پەیوەســتە بە بۆچوون و گۆشــە نیگاو پەیپێبردن و ئەزموونی تاقیکراوەی ئەو دووکەســەی، کە دەربارەی هەمان پیاو لە ڕستەی ژمارە (٤٦) و (٤٧)دا دەربڕاوە.

بۆ جەختکردنەوە لەسەر گرنگی دیاردە، یان توانا درکپێکردنەکانی ئاوەزی مرۆڤ و سەلماندنی ڕاستی ئەوەی، کە دیمەن، ڕووداو و هەر شتێک لە چواردەوری مرۆڤدا بوونی هەبێت و ڕووبدات بەپێی مرۆڤەکان و چۆنیەتی تێڕوانین و ســەرنجدان و پەیپێبردن و درکپێکردنی خودی مرۆڤەکان، دەگۆڕێت و دواتر لە شــێوەی داڕشــتن و ڕێکخســتنی ڕســتەکـانـدا ڕەنگدەدەنەوە. بـاشــترین نموونە بریتییە لە چۆنیەتی بـاســکردنی ڕووداوێکی هـاتووچۆ لە لایەن شـــایەتحاڵەکانەوە، کە هەرچەندە تاکە یەک ڕووداوی دیاریکراو ڕوویداوە، بەڵام هەر یەکێک لە بینەرانی ڕووداوەکە بەپێی گۆشـەنیگای خۆی بە داڕشـتەی ڕێزمانی جیاواز دایدەڕێژنەوە، هەر وەک لە ڕسـتەکانی ژمارە (٤٨)، (٤٩) ،(٥٠) و (٥١) دەردەکەوێت :

(٤٨) بینەری یەکەم : ئۆتۆمبێلەکە خێرا دەرۆیشت.

(٤٩) بینەری دووەم : ئۆتۆمبیلەکە ئیستۆپی تیانەمابوو.

(٥٠) بینەری سێیەم : جادەوبان ماڵی عالەمی وێرانکرد.

(٥١) بینەری چوارەم : پابەندنەبوون بە یاسا و ڕێنماییەکانی هاتووچۆ هۆکارە.

هەرچەندە ڕســتەکانی ژمارە (٤٨)، (٤٩) ،(٥٠) و (٥١) باس لە یەک ڕووداوی دیاریکراو دەکەن، بەڵام ئەگەر گوێگر ئاگاداری ڕووداوەکە نەبێت، نازانێت، کە ئاخێوەرەکان بەســەرهاتی یەک ڕووداوی هاتووچۆ دەگێڕنەوە، چونکە

هەریەکەیان بەپێی گۆشـــەنیگا و پەیپێبردنی خۆی باس لە ڕووداوەکە دەکات، کە ئەمەش لە داڕشـــتنی ڕســـتەکان دا ڕەنگیـداوەتەوە، بینەری یەکەمی ڕووداوەکە بەپێی گۆشـــەنیگای خۆی خێرا ڕۆیشـــتنی ئۆتۆمبێلەکەی بە هۆکـاری ڕووداوەکە داناوە، ئەم گۆشەنیگایەشی بە ڕستەی ژمارە (٤٨)دا بە قاڵبی ڕێزمانی

[ڕ[ف.ن[ن ئۆتۆمبیل[م.دیاریخەر-ەکە]]][ف.ک[ئەدڤێربڵ خێرا[ک. دەڕۆیشت]]]] داڕشتووە.

بەهەمان شـێوە بینەری دووەمی ڕووداوەکە بەپێی تێڕوانینی خۆی هۆکاری ڕووداوەکەی دیاریکردووە، کە نەمانی ئیستۆپی ئۆتۆمبیلەکەیە و تێڕوانینەکەشی بە ڕستەی ژمارە (٤٩) بە قاڵبی ڕێزمانی

[ڕ[ف.ن[ن ئۆتۆمبیل[م.دیاریخەر-ەکە]]][ف.ک[تەواوکەر ئیستۆپی[ک. تیانەمابوو]]]] داڕشتووە.

بینەری ســێیەمی ڕووداوەکەش بەپێی پەیپێبردنی خۆی هۆکاری ڕووداوەکەی بۆ جادەوبان گەڕاندۆتەوە و ئەم پەیپێبردنەشی قاڵبی ڕیزمانی

[ڕ[ف.ن[ن جادەوبان]][ف.ک[بەرکار ماڵی عالەمی[ک. وێرانکرد]]]]

بەسەردا سەپاندووە، تا ڕەنگدانەوەی پەیپێبردنەکەی بێت.وەک لە ڕستەی ژمارە (٥٠)دا دیارە.

بینەری چوارەمی ڕووداوەکە بەپێی سەرنج و تێگەیشتنی خۆی پابەندنەبوون بە یاسا و ڕێنماییەکانی هاتووچۆی بەهۆکاری ڕووداوەکە داناوە، ئەم سەرنجدان و تێگەیشتنەی بە ڕستەی ژمارە (٥١) بە قاڵبی ڕێزمانی

[ڕ[ف.ن[ن پابەندنەبوون]][ف.ک[بەرکاری ناڕاستەوخۆ بەیاسا و ڕێنماییەکانی هاتووچۆ[ک. تەواوکەر هۆکار[ە]]]]] داڕشتووە .

هەرچەندە بینەرانی ڕووداوەکە، باس لە یەک ڕووداو دەکەن، بەڵام تەواو لە یەکتر جیاوازن، کە ئەمەش سەلمێنەری ئەو ڕاستییەیە، کە زمان بریتییە لە ڕەنگدانەوەی توانا درکپێکردنەکانی مرۆڤ، کە شارەزاییەکانی دەخوڵقێنن و دواتر لە ڕستە و دەربڕاوەکانیدا ڕەنگدەدەنەوە.

توانا درکپێکردنەکانی ئاوەزی مرۆڤ، توانای جیاکردنەوە، پۆلکردن، خستنەپاڵیەك، دەرخستنی لێکچوون، جیاوازی، ناسـینەوە و... هتد بە مرۆڤەکان دەبەخشـن، جگە لە بیروبۆچوون و پەیپێبردنی مرۆڤەکان خۆیان، لەگەڵ دەوروبەری بەکارهێنان، هەموو ئەمانە شـارەزایی مرۆڤ دەنەخشـێنن، ئەم شـارەزاییەش لەناو یادگەدا دادەکرێت و لە ئەنجامدا نواندنە درکپێکردنەکانی مرۆڤ دێتەکایەوە، کە پێی دەگوترێت ڕێزمان (Dabrowska and Divijak, 2015,P:711)

ئەم تیۆرییە پێیوایە، کە بەکارهێنەری زمانێکی دیاریکراو، دەربارەی زمانەکەی، زۆر زیاتر لە یاســا گشــتییەکانی ڕێزمان و یەکەکانی، وەك : (بکەر، بەرکار، تەواوکەر و...هتد)، دەزانێت، بۆ نموونە، لە زماندا زۆر دەربڕاو هەن، کە فۆڕم و واتای دیاریکراویان هەیە، بەڵام ناتوانرێت بەپێی پرەسنسیپ و یاساکانی ڕێزمان لێکبدرێنەوە، وەك ئیدیۆمەکان، کە لە ڕاســتییدا بەشـێکی زۆر لە بەکارهێنانی زمان پێکدەهێنن. هەروەها ئەم تیۆرییە جەخت دەکاتەوە لەســەر ڕۆڵی ئـاخێوەر و گوێگر لە چۆنیەتی ڕێکخســتن و ڕیزکردنی ڕەگەزەکـانی ڕســتە، واتە چۆنیەتی تێگەیشــتن، تێڕوانین، گۆشـــەنیگای ئاخێوەر و گوێگر و زەقکردنەوەی ڕوکارێکی دیاریکراوی دیمەنێك هۆکاری ســەرەکین بۆ ڕێکخســتن و ڕیزکردنی ڕەگەزەکان، بەوەی کام بەشـەی دیمەنێکی دیاریکراو زەقدەکەنەوە و کام بەشـانەی تری دیمەنەکە دەکەن بە باکگراوند و تەرزی ڕستەکان دیاریدەکەن. (Eills,O’Donnell,Romer,2018, P:165).

زانســتی زمانی درکپێکردن، بە تایبەتی بنەمایی بەکارهێنان بە پێچەوانەی زمانەوان و قوتابخانە زمانەوانییەکانی پێش خۆیان، یەکە زمانییەکانی وەك (ڕســتە، فریز و...هتد)، کە بەپێی یاســای ڕێزمانی دیاریکراو هەڵگوێزراون، وەك یەکەی ڕاســتەقینەی زمان، ســەیرناکات، بەڵکو بە دانەی تیۆریی ناو زمان ئەژماریان دەکات، چونکە هەر یەکێك لەم یەکانە بەپێی یاسایەکی شاوچەی ناو یاساکان پێکهاتوون، کە لە ڕاستییدا و لە بەکارهێنانی زماندا مەرج نییە دەربڕاو

و یەکە زمانییەکان بەو شێوەیە بن، لەوکاتەی زمانەوانەکان خەریکن یاساکان بدۆزنەوە و بەمۆدێلیان بکەن، دەبینرێت لە بەکارهێنانی ڕاستەقینەی زماندا بەو جۆرە، بەکارنایەن، چونکە لە بەکارهێنان و دەقەکاندا واتاکان دەردەکەون و تێگەیشتن (کە ئامانجی سەرەکی پەیوەندیکردن و بەکارهێنانی زمانە) بە هۆی ئەو ڕستانەشەوە ڕوودەدەن، کە لە ڕووی ڕێزمانییەوە، یان گۆکردنەوە ناتەواون، هەر بۆیە یاساکان و ڕێزمان و خودی ڕستەش بە بوونێکی تیۆری دادەنێن، کە لە بەکارهێنانی ڕاستەقینەی زمان جیاوازن، واتە لە بەکارهێنانی ڕاستەقینەی ڕۆژانەی زماندا مەرج نییە پابەندبوون بە ڕێساو یاسا ڕێزمانییەکانەوە تێگەیشتن و پەیوەندیکردن بسازێنێت، بەڵکو ڕوودەدات لە هەندێک باری ئاخاوتندا ڕستە و دەربڕاوەکان لە ڕووی ڕێزمانەوە، یان گۆکردنەوە، ناتەواون و وەک ڕێسا و یاسا ڕێزمانییەکانی زمانەکە نموونەیی نین و وابەستەیان نین، بەڵام لە بەکارهێنانی ڕۆژانەدا و لە نێوان ئاخێوەراندا پەیوەندیکردنیان پێئەنجامدەدرێت و تێگەیشتن دەهێنێتەکایەوە. بێگومان ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەو ڕاستییەی، کە ڕێسا و یاسا زمانییەکان زیاتر بوونێکی تیۆریین و توانا درکپێکردنەکانی ئاوەزی مرۆڤ ڕۆڵدەبینێت لە دیاریکردنی واتا و تێگەیاندن و دروستکردنی پەیوندیکردندا. واتە لە بەکارهێنانی ڕاستەقینەی ڕۆژانەی زماندا مەرج نییە ڕێسا و یاسا ڕێزمانییەکان و پێوەست بوونی ئاخێوەر پێیانەوە، بەردەوام ڕستەی واتا دروستی ڕێزمان دروست بهێننە ئاراوە، پێچەوانەکەشی تەواو ڕاستە، چونکە ئاخێوەری هەر زمانێک بە کاریگەری ئەزموونی تاقیکراوەی وەرگیراوی بەجەستەکراو لە ئاوەزییدا لە ڕێگەی پێنج هەستەوەرەکەیەوە دەشێت دەربڕاو و ڕستەی وەها بەرهەمبهێنێت، کە تەنها لە ڕووی ڕێزمانەوە، یان لە ڕووی واتاوە، یان لە ڕووی هەردوو ڕێزمان و واتاوە ناڕێزمانی و نالۆژیکی بێت، بەڵام لە ڕوانگەی ئەزموونی تاقیکراوەی تاکێتی تاک و ئەزموونی تاقیکراوەی کۆی ئەو کۆمەڵەی، کە تاکەکە ئەندامە تێیدا (کە زیاتر مەبەست لە کلتوری کۆمەڵەکەیە) درکپێکردنی بۆی هەبێت و زۆر ئاسان بشتوانرێت پەیوەندیکردنی پێ ئەنجام بدرێت، واتە زمان دەربڕاوی زۆری تێدایە، کە ناڕێزمانین، بەڵام پەیوەندیکردنیان پێ ئەنجامدەدرێت، یان نالۆژیکی و درکپێکردنیان پێ بەرهەمدێت، بۆ تێگەیشتنی زیاتر با لە ڕستەکانی ژمارە (٥٢) و (٥٣) بڕوانین :

(٥٢) غەڵەتیش مەلا دەکات.

(٥٣) هەتاوەکەی فێنکە.

ئەگەر لەم دوو نموونەیە وردبینەوە نابێت لە ڕووی لۆژیکەوە بە دروست وەربگیرێن، چونکە نالۆژیکین لەبەرئەوەی لە نموونەی ژمارە (٥٢)دا مەلایە، کە غەڵەت دەکات، واتە کەسە، کە کردەیەک جێبەجێ دەکات، نەک کردەیەک بتوانێت کەسێک جێبەجێبکات، هەروەها ڕستەی ژمارە (٥٣) بە هەمان شێوە نالۆژیکییە، چونکە بەپێی لۆژیک هەتاو گەرمی بەخشە نەک فێنکی، بەڵام ئەزموونی تاقیکراوەی ڕاستەقینەی ژیانی ڕۆژانەی ئاخێوەر ئەم دوو جۆرە نالۆژیکییەی ڕستەکان بە لۆژیکی ئەژماردەکات، پەیوەست بە ئەزموونە تاقیکراوە بەجەستەکراوە ئاوەزییەی، کە ئاخێوەران هەیانە بە شێوەیەک لە ڕستەی (٥٢) زیاتر مەبەست لەو درکپێکردنەیە، کە ئاخێوەر دەربارەی (مەلا) هەیەتی، بەوەی کە مەرج نییە لە هەموو کاتێکدا هەر مەلا بێت و هەر ڕاستگۆ بێت و وەکو مرۆڤێکی ئاسایی هەڵە نەکات، بەڵکو بە پێچەوانەوە دەشێت هەڵە بکات، تەنانەت هەندێ جار هەڵەی (مەلا)کە هێندە زۆر بێت، کە ئەو مرۆڤە بەهۆی مەلایەتییەکەیەوە نەناسرێتەوە، بەڵکو بەهۆی هەڵەکانیەوە بناسرێتەوە. هەر بۆیە ڕستەی ژمارە (٥٢) لۆژیکیە و هەڵە زۆرەکانی ئەو مرۆڤەیان وەک مرۆڤێکی (مەلا) ناساندووە، باشترین نموونەش لە کۆمەڵی کوردەوارییدا ئەو مرۆڤانەن، کە بە هیچ



***JZSB*** p-ISSN: 1813-0852, e-ISSN: 2617-3034

شێوەیەک مەلایەتییان نەکردووە، بەڵام بەهۆی حەقدان بە خۆیان بۆ خوێندنی قورئان و وتاردان و شرۆڤەی ئاینی بە شێوەیەکی هەڵە و نالۆژیکی بە (مەلا) ناسراون.

ئەوەی گرنگە بگوترێت ئەوەیە، کە لەم زانستەدا دەربڕاو[٤] و ڕستە لە یەکتر جیاوازن، دەربڕاوەکان یەکەی بێهاوتاو بەرهەمهێنراوی هەنووکەیی بارودۆخێکی دیاریکراوی بەکارهێنانی زمانن، بەڵام ڕستەکان دانەی لە قاڵبدراوی نەگۆڕ و چەسپاون. دەربڕاوەکان لەوانەیە تاکە وشەیەک بن ،یان فرێزێک بن، یان ڕستەیەک بن بەهۆی هیلاکی، بێتاقەتی، یان نەخۆشی قسەکەرەوە، لە ڕووی ڕێزمان و گۆکردنیشەوە هەڵەبن. ڕستەکان بوونی ئەبستراکتی زمانن، یەکەی بیرین. ڕستەیەك، کەلە فرێزێکی ناویی و فرێزێکی کرداری پێکدێت، تایبەتمەندە و شوێن و ئەرکی هەریەکێکیانی تێدا دیاریکراوە، کەواتە بنەمای ڕستەکان تەرزە شاوەچییەکانی ناو دەربڕاوەکانن، کە جیاوازن لە خودی دەربڕاوەکان، چونکە دەربڕاو هەنووکەییە و بە بێ بیرکردنەوە لە گونجان و ڕاستی و دروستی ڕێزمانی، یان ڕاستی و دروستی گۆکردن، بەکارهێنەری زمان دەریاندەبڕێت، بەڵام ڕستەکان بەپێی تەرزە نەگۆڕەکان پێکدێن، هەر بۆیە زانستی زمانی درکپێکردن گرنگی دەدات بە دەربڕاوەکان، نەك ڕستەکان[٥].(Evans and Green,2006,P:111). دەشێت دەربڕاوەکان تاکە وشەیەک بن وەک لە نموونەی ژمارە (٥٤)دا دەخرێتەڕوو :

(٥٤) (چۆنی)

لێرەدا وشەی (چۆنی)، کە ئاخێوەر بەکاریدەهێنێت، زۆرجار بۆ هەواڵپرسین نییە ،بەڵکو وەک دەسپێکێکی قسەکردن ئاخێوەر پەنای بۆ دەبات.

دەربڕاوەکان لەوانەیە فرێزێک بن، وەک لە ئاخاوتنەکانی نموونەکانی ژمارە (٥٥) و (٥٦)دا دەردەکەون:

(٥٥) أ- خۆزگە نەدەهات.

ب- جاکوا ؟

(٥٦) أ- با ڕۆژێک بچینە دەرەوە

ب- بۆنا ؟

لە نموونەی ژمارە (٥٥- ب)دا (جاکوا) خۆی لە خۆیدا وەڵامێکی هەنووکەییە و لە بارودۆخێکی ئاخاوتنی دیاریکراودا بەکاردەهێنرێت، کە دەربڕاوێکە چەمکی هیوا و خۆزگە دەگەیەنێت.بە هەمان شێوە لە نموونەی ژمارە (٥٦- ب)دا (بۆنا) دەربڕاوێکە، کە ئاخێوەر بۆ کورت بڕی و لە هەمان کاتیشدا بۆ گەیاندن و پیشاندانی چەمکی حەزکردن و ڕازیبوون بەکاریهێناوە.

دەکرێت دەربڕاوەکان ڕستەیەك بن، وەک لە نموونەکانی ژمارە (٥٧) و (٥٨)دا دەردەکەوێت :

(٥٧) أ- بچم کتێبەکان بهێنم ؟

ب- چوو هێنای.

(٥٨) أ- ئەزانی کوڕەکەیان هیلاکە ؟ پێیان وتوون نامێنێت.

ب- وانەڵێیت ! گاڵتە !

---

٤ - بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: (Evans,2007:P:217-218)

٥ - لە ڕێزمانی بەرهەمێناندا بە پێچەوانەی ڕێزمانی درکپێکردن گرنگی دەدرێت بە ڕستە و تەرزەکانی ڕستە، بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە:(مەحوی، ٢٠٠١، ل:٢٢٦)

ڕســـتەی (٥٧- ب) وەڵامێکی هەنووکەییە لەکاتی ئاخاوتنی نێوان دوو بەکارهێنەری زمانەکەدا، کە بەشــێوەیەک وەڵامە بۆ پرســـیاری (بچم کتێبەکان بهێنم؟)، بەڵام دەبێت ئاخێوەر لە وەڵامەکەدا ڕەچاوی کاتی ناو ڕســتەکە بکات لەبری (چوو بیهێنێت)، لە وەڵامێکی هەنووکەییدا بێ ڕەچاو کردنی کاتی ڕستەکە دەڵێت (چوو هێنای). بەهەمان شێوە لە ڕستەکانی ژمارە (٥٨- أ) و (٥٨- ب)دا دەردەکەوێت، کە کاتێک گوێگر هەواڵێکی کاریگەر، کە جێگەی سـەرسـوڕمانە، دەبیســتێت بۆ دەرخســتنی ســەرســوڕمان و باوەڕ پێنەکردنەکەی بە دەربڕاوەکانی ژمارە (٥٨- ب) وەڵامی ئاخێوەر دەداتەوە، کە لە ڕاستییدا ڕستە نین، بەڵام دەربڕاوی پڕواتان و پڕواتاییەکەشیان بەندە بە بارودۆخی گوتن، تێگەیشتن و پەیوەندی نێوان ئاخێوەر و گوێگر.

٥/٢ بنەمایی بەکارهێنانی زمان لە داڕشتەی دەقدا:

زانسـتی زمانی درکپێکردن بە گشـتی و تیۆری بنەمایی بەکارهێنان بە تایبەتی، گرنگی دەدات بە بەکارهێنانی زمان و بە بنەمـای کۆزانیـاریی زمـانی دادەنێـت. بەکـارهێنـانی زمـانیش لە لایەن ئـاخێوەر و گوێگرەوە لە کـارلێکی پەیوەندیکردندا، لە دەقەکاندا ئەنجامدەدرێن، هەر بۆیە دەقی بەکارهێنان لەم زانســتەدا بە چەق و خاڵی ســەرەکیی دادەنرێت، ئەم تیۆرییە جەخت لەســەر دیاریکردنی واتای وشــەکان لە لایەن ئەو دەقانەی، کە تێیاندا دەردەکەون، دەکاتەوە. هەرچەندە وشــەکان واتای بەکۆدکراوی فەرهەنگییان هەیە، کە لە ڕێبازی بەرهەمهێنان و گواســتنەوەدا بە واتای کۆدکراو، یان واتای سـیمانتیکی خراوەتەڕوو، بەڵام ئەم جۆرە واتایە لە زانسـتی زمانی درکپێکرندا بە واتایەکی ئەبسـتراکت دادەنرێت و هەروەها بانگەشــەی ئەوە دەکات، کە واتای ڕاســتەقینەی وشــەکان لە دەقی بەرکارهێناندا دەردەکەون و دیـاریـدەکرێن، واتە هەموو وشـــەیەك واتـایەکی فەرهەنگی هەیە، بەڵام ئەم واتـایە واتـای تەواو و ڕاستەقینەی وشەکان نین، کاتێك لە دەقێکدا بەکاردەهێنرێن واتاکانیان دەردەکەون، واتە دەقی بەکارهێنان واتای وشە دیاریدەکات (Evans and Green,2006,112-113). ئەمەش بەڕوونی واتای بەکارهێنان(پراگماتیك) دەگرێتەوە، کە لە تیۆری بنەمایی بەکارهێنان، گرنگییەکی زۆری پێدەدرێت، واتە واتایەکی تر، کە دەق دەیبەخشێتە وشە، جگە لە واتا فەرهەنگییەکەی پێیدەگوترێت واتای بەکارهێنان (پراگماتیك)، لێرەدا دەتوانرێت بگوترێت وشەکانی زمان جگە لە واتا بەکۆدکراو و باوەکانیان، واتایەکی تریان هەیە، کە لە ئەنجامی بەکارهێنانەوە، دەقەکان بە وشــەکانی دەبەخشــن، کە پەیوەستە بە بەکارهێنانەوە و واتای ڕاستەقینەی وشەکان دەنەخشێنن. زانستی زمانی درکپێکردن پێیوایە، کە واتای سیمانتیکی واتایەکی ئەبستراکت و نموونەییە و لە بنەڕەتیشـدا لە ئەنجامی بەکارهێنانەوە سـەریهەڵداوە. ئەوەی لەم زانستەدا گرنگی پێدەدرێت بریتییە لە واتای بەکارهێنان (پراگماتیک) و بە واتای ڕاستەقینەی وشەکانی دادەنێن، کە لە ڕێگەی بەکارهێنانەوە شــارەزایی دەربارەیان پەیدادەبێت و لە ڕێگەی پێنج هەســتەوەرەکەوە ئەزموون دەکرێن و لە زماندا بەکۆددەکرێن.

ئەم بۆچوونەی زانســتی زمـانی درکپێکردن لە بنەڕەتـدا حەقـدانە بە واتـای پراگمـاتیکی و هێنـانەوەیەتی بۆ ناوجەرگەی زمانەوانی، جیاواز لە بۆ چوونە باوەکان (چاولێکەرییەکان)، کە واتای پراگماتیکی، (واتە واتای بەکارهێنان و خودی بەکارهێنانی زمان) بە زانستێکی یاریدەدەری زمانەوانی دادەنێن، ڕەنگە بەڵگەش بۆ ئەم ڕاستییە زمانییە سەر لە نوێ ناونانەوەی ناولێنراوەکان بێت، کە تێیدا کەرەستەیەکی ناولێنراو (هێما بۆ دانراو، بەکۆدکراو) لە لایەن کەسانی خاوەن سـەلیقەی زمانەوانی زمانەکەوە بۆ هەر مەبەسـتێکی (بازرگانی، کەمکردنەوە، زیادەڕۆیی، نازناو.. هتد) سـەر لە نوێ ناوی لێدەنرێتەوە، بۆ نموونە، هەر وەک لە نموونەکانی ژمارە (٥٩)، (٦٠)، (٦١) و (٦٢) دەخرێتەڕوو :

(٥٩) میک زەمینی ← شلەخەجێ.

(٦٠) لاندکرۆزەر ← مۆنیکا، وەنەوشە.

(٦١) تویێتا ← مەرزیە.

(٦٢) نوکە ← جەڵتە.

هەر وەک لە نموونەکاندا خراوەتەڕوو، لە ئێستای زمانی کوردییدا ئەم وشانە بەکارهێنانی بەرفراوانیان هەیە و لە بری ناوە ڕەسەن و کۆنەکانیان بەکارهێنەری ئەمڕۆی زمان بەکاریاندەهێنێت.

شایەنی گوتنە، کۆزانیاریی ئاخێوەر و گوێگر لەگەڵ بارودۆخی گوتن و وشەکانی لە ناو دەربڕاوەکاندا بوونیان هەیە و واتای وشە دیاریدەکەن، ئەمانەش ناتوانرێت جیابکرێنەوە لە یەکتر، بەڵکو هەموویان بەیەکەوە واتای وشەکە دیاریدەکەن، با کەمێک لە دەربڕاوەکانی ژمارە (٦٣)، (٦٤)، (٦٥) و (٦٦) ڕابمێنین :

(٦٣) ئەمەی ڕوودەدات دەستە.

(٦٤) دەست خۆش.

(٦٥) دەستت سووك بگرە.

(٦٦) دەستت قورس بکە، ئینجا وەرە.

لەم دەربڕاوانەدا وشەی (دەست) بە واتای جیاواز، بەپێی وشەکانی پاش و پێش خۆی لەگەڵ کۆزانیاریی ئاخێوەر و گوێگر بەکارهاتووە، لەزمانی کوردیدا وشەی (دەست) بەزۆری وەك (جووڵێنەری بابەت)ێك بەکاردەهێنرێت وەك لە دەربڕاوی ژمارە (٦٣)دا دەردەکەوێت، کە مەبەستەکەی ئەوەیە کەسێك، یان لایەنێك هەیە بە نهێنی لە پشت ڕووداوەکەوەیە و بابەتەکە دەجولێنێت. بەهەمان شێوە لە نموونەی ژمارە (٦٤)دا وەك سوپاسکردن لە پاش کردنی کارێك بە کەسێك (گوێگر) گووتراوە.هەروەها نموونەی ژمارە (٦٥) داواکارییەکی خوێندکارانە لە مامۆستاکەیان بۆ ئەوەی نمرەی زۆریان لێنەشکێنێت، لە ڕستەی ژمارە (٦٦)شدا داواکارییەکە، بۆ هێنانی دیاری، یان شتومەك، لێرەدا دەردەکەوێت واتای وشە پەیوەستە بە ئاخێوەر و گوێگر و جۆری ئەو پەیوەندییەی، کە لە نێوانیاندا هەیە، لەگەڵ ئەو وشانەی لە دەقەکەدا هاوەڵی وشەکە دەبن. هەر لەم ڕوانگەیەوە، با لە نموونەی ژمارە (٦٧) وردبینەوە:

(٦٧) قەڵەمەکەم بدەرێ.

دەبینین، کە ڕستەی ژمارە (٦٧) پێدەچێت داواکاری مامۆستا، یان خوێندکارێك بێت و داوای قەڵەمێك بکات، کە پێی بنووسێت، بەهەمان شێوە پێدەچێت داواکاری باخەوانێك بێت و مەبەستی قەڵەمی گوڵەباخ یان دارێك بێت، هەروەها لەوانەیە داواکاری وەستایەکی بیناساز بێت، کە قەڵەم لەو پیشەیەدا شتێکی جیاوازە لە قەڵەمی خوێندکار و باخەوان و کارێکی جیاوازی پێ ئەنجامدەدرێت. لێرەدا بارودۆخی گوتن، پیشە و کۆزانیاری ئاخێوەر و گوێگر هەروەها ژینگە و پەیوەندی نێوانیان واتای وشەکە دیاریدەکەن ، بۆ ڕوونکردنەوەی زیاتر، با سەرنجی نموونەی ژمارە (٦٨) بدەین :

(٦٨) زۆر خۆشە.

بە سەرنجدان لە نموونەی ژمارە (٦٨) دەردەکەوێت، کە بەکارهێنەران خۆیان واتای وشەی (خۆش) بەپێی بۆنە و بوار، شوێنی گوتن، کۆزانیاریی و تێگەیشتنی خۆیان دیاریدەکەن، ڕوونتر پێدەچێت (زۆرخۆشە) وەڵامی یەکێك لەم پرسیارانە بێت، کە ئاخێوەر و گوێگر بەپێی بارودۆخی بەکارهێنان، خۆیان دیاریدەکەن:

أ- ئێرەت پێ باشە ؟

ب- ئاهەنگەکە چۆنە ؟

ت- چۆن سەیرانێکە ؟

پ- تامی ناخۆش نییە ؟

هەر لە ڕوانگەی گرنگی بارودۆخی گوتن لە دیاریکردنی واتای وشەکانی زمان، با لە نموونەی ژمارە (٦٩) بڕوانین:

(٦٩) کێشەی نییە، تەنها بێ دایك و باوکە.

دەبینین لەم ڕستەیەدا واتای (بێ دایك و باوك) کۆزانیاریی بەکارهێنەرانی زمان دیاریدەکەن، بۆنموونە ئەو کەسانەی، کە مامەڵەی کڕین و فرۆشتنی سەیارە یان سیم کارتی مۆبایل دەکەن، دەربڕاوی (بێ دایك و باوك) بۆ پەسنکردنی ئەو سەیارە یان سیم کارتانەی، کە خاوەنە ڕاستەقینەکانیان دیارنین، بەکاردەهێنن. ئەمەش پەیوەندی بە شوێنکات و پیشە و کۆزانیاریی کەسەکانەوە هەیە. بەهەمان شێوە، با لە نموونەی ژمارە (٧٠) بڕوانین :

(٧٠) ئەمجارە بلۆکی ئەکەم.

وشەی (بلۆك) لەلایەن ئەو کەسانەوە، کە مۆبایلی زیرەکیان هەیە بەکاردەهێنرێت و کۆزانیارییان دەربارەی هەیە، لە ژیانی ڕۆژانەیاندا بەرانبەر بە واتای پشتگوێخستن و وەڵامنەدانەوە، بەکاریدەهێنن، بەڵام لە لایەن ئەو کەسانەی، کە ئەو جۆرە مۆبایلانەیان نییە، یان زانیارییان دەربارەی نییە، بەهەمان واتاو چەمك بەکارناهێنرێت، ڕەنگە لە واتای وشەکە هەر تێنەگەن.

لێرەدا پێویستە بگوترێت، کە وشە پێکهێنەرەکانی دەقەکە، لەگەڵ کۆزانیاریی بەکارهێنەری زمان و بارودۆخی گوتن جیاکردنەوەیان کارێکی گونجاو نییە، چونکە بۆ نەخشاندنی واتای وشەکان تەواو تێکئاڵاو تێکچڕژاون، بە جۆرێك جیاکردنەوەیان ئەستەمە.

## ئەنجام

شرۆڤە تیۆریی و کارەکییەکانی ئەم لێکۆڵینەوەیە ئاڕاستەمان دەکات بۆ:

١) کۆزانیـاریی وشـــەیی بنەمـای کۆزانیـاری زمـانییە، کە زیـاتر کۆزانیـارییەکی بەکـارهێنـانەیە، واتە توانـای بەکارهێنانی کۆزانیاریی وشەیی بنەڕەتی هاتنەکایەی خودی کۆزانیاریی زمانییە .

٢) هەر گۆڕانێک لە خودی کۆزانیاریی وشەیی وشەیەکدا لە ناو فەرهەنگی ئاوەزیی ئاخێوەردا پەیوەست نییە بە پێڕەوی ناوەکی زمانەوە، هێندەی وابەستەی گۆڕانی بۆنە و بوارەکانی بەکارهێنانی وشەکەیە لە زمانەکەدا .

٣) لە زمانی کوردییدا قاڵبی ڕێزمانەکەی داڕشـتەیەکی شـلە، واتە داڕشـتە ڕێزمانییەکان وابەسـتەی چۆنیەتی و چەندێتی کارامەیی کۆزانیاریی وشەیی بەکارهێنەری زمانەکەن.

٤) واتـای بەکـارهێنـانی کەرەســتە زمـانییەکـان، واتـای بەکـارهێنـان (واتـای پراگمـاتیـک) چەق و کرۆکی واتـای فەرهەنگیی کەرەستە زمانییەکانن.



***JZSB*** p-ISSN: 1813-0852, e-ISSN: 2617-3034

## سەرچاوەکان:

### سەرچاوە کوردیەکان

١- محەمەدی مەحوی، "زمان و زانستی زمان سەرەتایەک بۆ زانستی زمان" ، ٢٠٠١، سلێمانی دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم.

٢- دارا حمید محمد، "شیکاری ڕستەی ئاڵۆز لە ڕوانگەی پراگماتیکەوە"، نامەی دکتۆرا، ٢٠١٢، زانکۆی سلێمانی.

٣- یارا قادر حمد، "گیروگرفتەکانی گووتن چارەسەرکردنیان"، نامەی دکتۆرا، ٢٠١٤، زانکۆی سلێمانی .

### سەرچاوە ئینگلیزییەکان

4- Dirk Greeaerts,(2006). “Cognitive Linguistics Basic Readings”,Berlin, De Gruyter Mouton. Gmbtl & Co. KG.

5- Ewa Dabrowska, Dagmar Divjak,(2015) “Handbook of Cognitive Linguistics” Berlin:Boston: De Gruyter Mouton.

6- Holger Diessel , “Cognitive Science , Historical Linguistics , Language Acquisition, Limyuistics Theories , Psycholingustics, Syntax online puplication Date ; Jul : 2017.

7- JOAN BYBEE , (2010), “Language, Usage and Cognition” CAMBRIDGE UNIVERSITY PRESS.

8- Joan L.Bybee,(2013),“Usage-based Theory and Exemplar Representations of Constructions”. Oxford UNIVERSITY PRESS.

9- Kapatsinski, Vsevolod " What is Grammar like? A Usage-based Constructionist Perspective", Linguistic Issues in Language Technology LILT , Volume 11, issue 1 , December 2014.

10- Nation,I.S.P.(2001).“Learning Vocabulary in Another Language” .Cambridge :CUP.

11- Nick C, Ellis , Ute Römer Mathew Brook O’Donnell: (2018) “Usage-based approaches to language acquisition and processing : cognitive and corpus investigations of construction grammar” cognitive linguistics , Berlin: De GRUYTER MOUTON.

12- Thornbury, S.(2002). “How to Teach Vocabulary” . Harlow:Longman.

13- Vyvyan Evans , (2007) , “A Glossary of Cognitive linguistics” , LTd press .

14- Vyvyan Evans and Melanie Green, (2006), “Cognitive Lingustics An Introduction” Edinburgh Universtiy press , Great Britan.